تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5944) دووشەمە 2ی ئادار 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرجەمیان پێشتر سەردانی وڵاتی ئێرانیان کردبوو

چوار هاووڵاتی لە شاری سلێمانی دەرەنجامی پشکنینەکانیان دەرچوو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان

دوێنێ یەکشەمە 2020/3/1 وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە تیایدا هاتووە "بە هاووڵاتیانی خۆشەویست ڕادەگەیەنین کە لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا پشکنین بۆ 24 گومانلێکراو ئەنجامدرا کە لە نێویاندا4 هاووڵاتی لە شاری سلێمانی دەرەنجامی پشکنینەکانیان دەرچوو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 کە پێکهاتبوون لە خێزانێکی 3 کەسی و ئافرەتێک کە سەرجەمیان پێشتر سەردانی وڵاتی ئێرانیان کردبوو". **(دەقی ڕاگەیەندراوەکە لە ل3 بخوێنەوە)**

بەشیر حەداد بۆ «خەبات»:

مووچەی ئەم مانگەی فەرمانبەران لە بەغدا واژۆ کراوە و کێشەی نییە

جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق تەئکیدی کردەوە کە مووچەی ئەم مانگەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتی عێراقی فیدرالەوە واژۆ کراوە و «کێشەی نییە». **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



لە پەرلەمانی کوردستان یادی 41 ساڵەی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر بەرز ڕاگیرا

سەعات 10ی بەیانیی دوێنێ یەکشەمە 2020/3/1 بەئامادەبوونی د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و منی نبی قەهوەچی سکرتێری پەرلەمان و سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەفراکسیۆنە جیاوازەکانی پەرلەمان،لەتەلاری پەرلەمان مەراسیمێکی شایستە بۆ یادی 41 ساڵەی کۆچی دوایی سەرکردەی مەزنی کورد مەلا مستەفای بارزانی بەڕێوەچوو.
لە مەراسیمەکەدا کە سەرۆکی دیوان و جێگری سەرۆکی دیوان و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانی بەشە جیاجیاکانی پەرلەمان ئامادەی بوون، دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان و سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنە جیاوازەکان و ئامادەبووانی مەراسیمەکە تاجە گوڵێنەی ڕێزو وەفایان لەبەردەم وێنەی مەلا مستەفای بارزانی دانا ، وەک ڕێزلێنانێک لەخەبات و میژووی پر سەرەوەریی ئەو سەرکردە مەزنە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شا عەبدوڵڵای ئوردن کۆدەبێتەوە

شا عەبدوڵڵا: پەیوەندییەکی تایبەتیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و ئامادەین هاوکاری براکانمان بکەین بە هەر شێوەیەک کە پێویست بێت

دوێنێ یەکشەمە 2020/3/1 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێکی حکومی و بەبانگهێشتێکی فەرمی، گەیشتە عەمانی پایتەختی ئوردن. هەر لەگەڵ گەیشتنی لە لایەن شا عەبدوڵڵای دووەم شای ئوردن لە کۆشکی بەسمان پێشوازی لێکرا.
لە کۆبوونەوەکەدا کە جێنشینی ئوردن شازادە حوسێن بن عەبدوڵڵا و سەرۆک وەزیرانی ئوردن عومەر ئەلرەزاز ئامادەبیوون، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی ئوردن بەتایبەتی لە بواری بازرگانی و وەبەرهێناندا کرا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەو قوتابیانەی لە زانکۆکانی دەرەوە دەگەڕێنەوە پێویستە پابەندی ڕێککارە تەندروستیەکانی بن

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بڕیاریدا: سەرجەم خوێندکاران/ قوتابیان کە لە زانکۆکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دەخوێنن و لە ئێستادا گەڕاونەتەوە یان دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، پێویستە پابەندی تەواوی ڕێککارە تەندروستییەکانی (کارەنتین) بن. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

ئەمڕۆ دوا وادەیە لەبەردەم محەمەد تۆفیق عەلاوی



دوێنێ یەکشەمە بەهۆی تەواونەبوونی نیابی یاساییەوە، جارێکی دیکە دانیشتنی نائاسایی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ متمانەدان بە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق ئەنجام نەدرا، سەرۆکی پەرلەمانیش هۆشداری بە عەللاوی دەدات کە سبەینێ دوا وادەیە بۆ متمانەدان بە کابینە وەزارییەکەی. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

حەیدەر مولا: محەمەد تۆفیق عەلاوی کۆتاییهات و بووە بەشێک لە ڕابردوو

کەسایەتیەکی سیاسی ناسراوی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تەئکید دەکاتەوە کەوا هەوڵەکانی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ وەرگرتنی متمانەی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دروستکردنی کابینەی نوێ کۆتایی هاتووە و دەبێ لە ئێستاوە بەدوای بەدیلی محەمەد تۆفیق عەلاوی بگەڕێین. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

کۆنترۆڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا نزیک بۆتەوە و شارەکانی چین قەرەباڵغ دەبنەوە

لەکاتێکدا نزیکەی 60دەوڵەتی جیهان هاتوونەتە ناو زۆنی ئەو وڵاتانەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنای تێدا تۆمار کراوە، پزیشکانی چین مژدەی ئەوە بەجیهان دەدەن کە سەرەڕای بەردەوامی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە چین و چەند وڵاتێکی تر بەڵام ڕێژەی چاکبوونەوەی تووشبووان ڕوو لەزیادبوونە و پسپۆرە چینیەکانیش لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ دۆزینەوەی ڤاکسینی تایبەت بە کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی ڤایرۆسەکە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەکارهێنانی میترۆ لە تاران لە سەدا 70 کەمی کردووە

وەزارەتی تەندروستی ئێران، داوای لە هاووڵاتیانی وڵاتەکەی کرد گەشت نەکەن، بەتایبەتی بۆ پارێزگاکانی گیلان و مازەندەران. لە ئێران 11 کەسی دیکە بەهۆی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا Covid-19ـەوە گیانیان لەدەستدا، بەمەش ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی ئەو ڤایرۆسەوە لەو ولاتە گیانیان لەدەستداوە گەیشتە 54 کەس و، ژمارەی توشبووانیش 978 کەس. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

دەوامی فەرمانگە حکومییەکان کەمدەکاتەوە

جوتیار عادل گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، دەوامی فەرمی لە فەرمانگەکانی حکومەت، جگە لە فەرمانگە تەندروستییەکان، هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە تاوەکو ڕۆژی 2020/03/10 لە کاتژمێر 08:00 بەیانی تاوەکو 01:00ی دوای نیوەڕۆ کەمدەکرێتەوە. **(دەقی لێدوانەکە لە ل2 بخوێنەوە)**



هاووڵاتییەک لەدەبەی ئاو و هاڕاوەی خەڵووز و خۆێ و لۆکەی خۆماڵی دەمامک دروست دەکات

کرپاریکی کەمامەی دەستکردەی وەستا جەبار، دەڵێت: ئەو کەمامانەی تر تەنکن و ئەگەر بیانشۆیت تێکدەچن، بەڵام ئەمە ئەگەر بیشۆیت تێکناچێت. لاستیتێکی تۆکمەی پێوەیە، گوێچکە ئازار نایەت، بۆیە ئەمەم هەڵبژارد، ئەوانەی تر دەستناکەوێت، چەندین دەستیش دەکات، بەڵام لێرە ئێمە لەبەرچاوی خۆماندا دروست دەکات. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



بەشیر حەداد بۆ «خەبات»:

مووچەی ئەم مانگەی فەرمانبەران لە بەغدا واژۆ کراوە و کێشەی نییە

جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق تەئکیدی کردەوە کە مووچەی ئەم مانگەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکوومەتی عێراقی فیدرالەوە واژۆ کراوە و «کێشەی نییە» .د. بەشیر حەداد، جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمانی عێراق بە خەباتی راگەیاند، واژۆ لەسەر مووچەی ئەم مانگەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کراوە لەلایەن حکوومەتی عێراقی فیدرالەوە و «کێشەی نییە».

هاوکات مەیادە نەجار، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق بە خەباتی راگەیاند، فۆئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق واژۆی لەسەر مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کردووە و پارەکە دەگاتە هەرێمی کوردستان. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە مانگەکانی پێشوودا دەورووبەری 20ی هەر مانگێک، بەشە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە لایەن حکوومەتی عێراقی فیدرالەوە دابین دەکرا، بەڵام ئەم مانگە تاوەکو ئێستا بەشە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کردووە و پارەکە دەگاتە هەرێمی کوردستان. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە مانگەکانی پێشوودا دەورووبەری 20ی هەر مانگێک، بەشە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە لایەن عێراقەوە پەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بەڵام ئەم مانگە تاوەکو ئێستا بەشە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کردووە و پارەکە دەگاتە هەرێمی کوردستان. ئەمە لە دایە.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەوامی فەرمانگە حکومییەکان کەمدەکاتەوە



دوێنێ یەکشەممە، جوتیار عادل گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا رایگەیاند، دەوامی فەرمی لە فەرمانگەکانی حکومەت، جگە لە فەرمانگە تەندروستییەکان، هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە تاوەکو رۆژی 2020/03/10 لە کاتژمێر 08:00 بەیانی تاوەکو 01:00ی دوای نیوەڕۆ کەمدەکرێتەوە. ئەمەش دەقی لێدوانەکەیە:

بەمەبەستی پاراستنی تەندروستیی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی لە بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە، دەوامی فەرمی لە فەرمانگەکانی حکومەت، بێجگە لە فەرمانگە تەندروستییەکان، هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە تا ڕۆژی 2020/03/10 لە کاتژمێر 08:00 بەیانی تا 10:00 دوای نیوەڕۆ کەمدەکرێتەوە.

- کار بە سیستەمی پەنجەمۆری دەست ڕادەگیرێت و هاتووچۆی فەرمانبەران لە تۆمارێکی تایبەتدا تۆمارەدەکرێت.

- کاری ئێشککگری فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی شارستانی وەک (ئاو، کارەبا و شارەوانی) بەردەوام دەبێت.

- تەواوی وەزارەت و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت بۆ دیاریکردنی کاتی دەوامی فەرمیی جگە لەو ستافەی کە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەیان پێویستە، سەرپشک دەکرێن.

- داوا لە گشت هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین تەنها لە حاڵەتی زۆر پێویستدا سەردانی فەرمانگەکانی حکومەت بکەن.

د. جوتیار عادل، گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان / 2020/03/01

پێشمەرگە ژمارەیەک خاڵی چاودێری لە سنووری کفری دروست دەکات

چەند سەربازگەیەکی نوێی پێشمەرگە لە سنووری داودە و زنانە بۆ ڕێگرتن لە جوواڵەی چەکدارانی داعش، دروست دەکرێن.

لیوا جەمال بۆزانەیی، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە میحوەری داودە و زنانە لە چەکدارانی داعش لە سنووری داودە و زنانە، هەشت خاڵی چاودێریی نوێی دروست کردووە و بە نیازیشە زیاتریش دروست بکات.

دوای خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری ڕێگرتن لە جوواڵەی چەکدارانی داعش لە سنووری داودە و زنانە، هەشت خاڵی چاودێریی نوێی دروست کردووە و بە نیازیشە زیاتریش دروست بکات.

لیوا جەمال بۆزانەیی، فەرماندەی هێزی پێشمەرگە لە سنووری داودە و زنانە بۆ ڕێگرتن لە جوواڵەی چەکدارانی داعش دەستیان بە جموجۆڵ کردووەتەوە و خەڵکی سڤیلی ناوچەکە دەڕفێنن.

2017میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شاری کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانیان داگیر کرد.

بەهۆی ناکارایی هێز و میلیشیا عێراقییەکان، چەکدارانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لە کەرکووک و ئەو ناوچانە دەستیان بە جموجۆڵ و کردەی تیرۆریستی کردووەتەوە و بەردەوام هاوواڵتیانی کورد دەڕفێنن و شەهید دەکەن.

سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق:

ئەمڕۆ دوا وادەیە لەبەردەم محەمەد تۆفیق عەلاوی



دوێنێ یەکشەممە بەهۆی تەواونەبوونی نیسابی یاساییەوە، جارێکی دیکە دانیشتنی نائاسایی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ متمانەدان بە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق ئەنجام نەدرا، سەرۆکی پەرلەمانیش هۆشداری بە عەللاوی دەدات کە سبەینێ دوا وادەیە بۆ متمانەدان بە کابینە وەزارییەکەی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی ڕایگەیاند: دانیشتنەکەی پەرلەمان بۆ ڕۆژی دووشەممە 2020/3/2 دواخراوە، ئەمەش دوا دەرفەت و وادەیە لەبەردەم محەمەد عەللاوی لەپێناو تەواوکردنی کابینە وەزارییەکەی و متمانەپێدانی لە پەرلەمانەوە.

ئەوە لەکاتێکدایە ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو بەهۆی ئامادەنەبوونی ڕێژەی یاسایی پەرلەمانتارانەوە نەتوانرا دانیشتنی تایبەت بە متمانەدان بە حکوومەتی عەلاوی ئەنجامبدرێت و دانیشتنەکە بۆ کاتژمێر یەکی دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە دواخرا، دوێنێش جارێکی دیکە بەهۆی تەواونەبوونی نیسابی یاساییەوە دانیشتنەکە دواخرا.

لەلایەکی دیکەشەوە کازم شممەری، سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی وەتەنیە لە پەرلەمانی عێراق ڕاگەیاند: پەراوێزخستنی خۆپێشاندەران شەرعیەتی جەماوەریی هەر حکوومەتێکی ڕاسپێردراو ناهێڵێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی وەتەنیە ئاماژەی بەوە کرد "بەهۆی نەبوونی وادەیەکی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت و نەبوونی هیچ ئاماژەیەک بۆ جێبەجێکردنی داواکاریی خۆپێشاندەرانی ئاشتی و دادگاییکردنی بکوژان و ئەوانەی دەستدرێژییان کردووەتە سەر خۆپێشاندران، سەرەڕای کۆمەڵێک دۆسیەی نیشتمانیی دیکە، هاوپەیمانیی وەتەنیە متمانە بەو حکوومەتە نابەخشێت".

وەزارەتی ناوخۆ ڕوونکردنەوەیەک لەبارەی دەنگۆی ڕاگرتنی جموجۆڵی بازرگانی بڵاودەکاتەوە

دوێنێ یەکشەممە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەیەکی لەبارەی دەنگۆی ڕاگرتنی جموجۆڵی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بڵاوکردەوە. لە ڕوونکردنەوەکەدا ئاماژە بەوە دراوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی جووڵەی بازرگانیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەردەوام بێت و جموجۆڵی بازرگانیی سەر سنوورەکان ڕێک بخرێتەوە بە لە بەر چاوگرتنی ڕێکارەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەیە:

ڕوونکردنەوەیەک لە وەزارەتی ناوخۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پاش ئەوەی دەنگۆی ڕاگرتنی جموجۆڵی بازرگانی لە سنووری نێوان هەرێم و تورکیا بڵاوبووبەوە، حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵەکانی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ ئەوەی جووڵەی بازرگانی نێوان هەردووڵا بەردەوام بێت و هەروەها جموجۆڵی بازرگانی سەر سنوورەکان ڕێکبخرێتەوە بە لە بەر چاوگرتنی ڕێکارەکانی خۆ پاراستن. بۆیە هاوواڵتیان دڵنیا دەکەینەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دڕێغی ناکات لە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بە جۆرێک کە کاریگەریی لە سەر جموجۆڵی بازرگانی و بازاڕی ناوخۆ نەکات.

وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان
2020/3/1



سنووره بازرگانییەکانی عێراق لەگەڵ ئێراندا دانەخراون

سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران و عێراق دەڵێت هەتا ئێستا لەهیچ دەروازەیەکی سنووریدا هاورده و هەناردە لەگەڵ عێراق ڕانەگیراوە. یەحیا ئالی ئیسحاق بە ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی ئێرانی ڕاگەیاندووە، ڕۆژانە چالاکییە بازرگانییەکان لە هەموو دەروازە سنووربیەکانی ئێران و عێراق لە بێ گرفت بەردەوامن. ئالیئیسحاق دەڵێت بارهەڵگرەکانی هەردوولا بێ وەستان لەسەر سنوور کاری ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن. بەگوتەی سەرۆکی ژووری بازرگانیی ئێران و عێراق ئێستادا میوە و خواردنەمەنییەکان و کەرەستەی بیناسازی بەڕێژەیەکی زۆر هەناردەی عێراق دەکرێن.

کەرکووک.. تەرمی مامۆستایەکی کورد دۆزرایەوە

لە سنووری شاڕۆچکەی پردێ لە پارێزگای کەرکووک تەرمی مامۆستایەکی کورد دۆزرایەوە و پۆلیس لەمبارەیەوە زانیاری دەخاتە ڕوو. موقەدەم، هەڤاڵ محەمەد، بەرپرسی بەشی لێکۆڵینەوە لە بنکەی پۆلیسی پردێ، بە خەباتی ڕاگەیاند: تەرمێک لە نزیک ئاوی زێی بچووک لە ناحییەی پردێی سەر بە کەرکووک دۆزرایەوە.

گوتیشی: قوربانیەکە پیشەی مامۆستایە و ناوی یوسف عومەر حەمەتۆفیقە و لە دایکبووی ساڵی 1971 و دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلی شاری کەرکووک بووە و لەبارەی گیانلەدەستدانەکەی پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە.

حەیدەر مولا بۆ «خەبات»:

محەمەد تۆفیق عەلاوی کۆتاییهات و بووە بەشێک لە ڕابردوو



خەبات/ مەریوان نەقشبەندی

کەسایەتیەکی سیاسی ناسراوی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات تەئکید دەکاتەوە کەوا هەوڵەکانی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ وەرگرتنی متمانەی زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دروستکردنی کابینەی نوێ کۆتایی هاتووە و دەبێ لە ئێستاوە بەدوای بەدیلی محەمەد تۆفیق عەلاوی بگەڕێین. حەیدەر مولا سیاسەتوانی ناسراوی عێراق و ئەندامی خولەکانی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: محەمەد تۆفیق عەلاوی بەمیکانیزمێکی هەڵە کاری بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراقی کرد و لەجیاتی ئەوەی بەرنامەیەکی گشتگیر و واقعی پێشکەش بکات بەئەنجوومەنی نوێنەران، دەنگی زۆر لەو ئەندامانەی ئەنجوومەنی نوێنەران و پشتیوانی بەشێک لەو هێزە سیاسیانەی عێراقیشی لەدەستدا کە سەرەتا ئومێدیان لەسەر هەڵچنیبوو. هەروەها تەئکیدیشی کردەوە کەوا ئێستا جگە لەدەنگی کوتلەکانی موقتەدا سەدر و هادی عامری و بەشێک لەپەرلەمانتارانی حەیدەر عبادی کە نزیکەی100 کەسێک دەبن، هیچ پەرلەمانتارێک ئامادە نییە دەنگی پێبدا و تەنانەت ئامادەش نین بڕۆنە ناو دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق.

حەیدەر مولا لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: من لەگەڵ محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ زیاتر لەسەعاتێک دانیشتم و داوام لێکرد ماوەی کاری حکوومەتەکەی و ڕۆژی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیاری بکات بەهەماهەنگی و پرسوڕا لەگەڵ پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق وەک کورد و سوننە و پێکهاتەکان بەڵام ئەمەی نەکرد و پشتی بەبەڵێنی شاعیریانەی هەندێ کەسایەتی و هێزی عێراقی و ئیقلیمی بەست بۆیە لەو باوەڕەدام سەردەمی محەمەد تۆفیق عەلاوی کۆتایی هاتووە و بۆتە بەشێک لەڕابردوو. لەبەرامبەریشدا ئێستا تێگەیشتنێکی هاوبەش لەناو هەموو پێکهاتەکانی عێراق دروست بووە "کورد، سوننە، شیعە" و پێکهاتەکانی تریش بۆ ئەوەی کەسێکی دیکە لەجیاتی محەمەد تۆفیق عەلاوی بۆ دروستکردنی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق ڕابسپێردرێت.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/3/2 ژمارە (5944)







سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شا عەبدوڵڵای ئوردن کۆدەبێتەوە

شا عەبدوڵڵا: پەیوەندییەکی تایبەتیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و ئامادەین هاوکاری براکانمان بکەین بە هەر شێوەیەک کە پێویست بێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی پشتگیریی شانشینی ئوردنی کرد و رۆڵی شا عەبدوڵڵاشی لە سەقامگیریی ناوچەکەدا بەرز نرخاند

دوێنێ یەکشەممە 2020/3/1 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی شاندێکی حکومی و بەبانگهێشتێکی فەرمی، گەیشتە عەمانی پایتەختی ئوردن. هەر لەگەڵ گەیشتنی لە لایەن شا عەبدوڵڵای دووەم شای ئوردن لە کۆشکی بەسمان پێشوازی لێکرا.

لە کۆبوونەوەکەدا کە جێنشینی ئوردن شازادە حوسێن بن عەبدوڵڵا و سەرۆک وەزیرانی ئوردن عومەر ئەلرەزاز ئامادەیبوون، گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و شانشینی ئوردن بەتایبەتی لە بواری بازرگانی و وەبەرهێناندا کرا.

خاوەنشکۆ شا عەبدوڵڵای دووەم ئاماژەی بەوەدا کە پەیوەندییەکی تایبەتیمان لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عێراق هەیە و ئامادەین هاوکاری براکانمان بکەین بە هەر شێوەیەک کە پێویست بێت.

خۆشحاڵیشین بە پەرەپێدانی پەیوەندییە بازرگانییەکانمان بە جۆرێک کە لە بەرژەوەندی هەردوولادا بێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بە گرنگیی هەماهەنگی هاوبەش و پەرەپێدانی پەیوەندی دوولایەنە لە بواری بازرگانی و بەرزکردنەوەی ئاستی وەبەرهێنانی ئوردنی لە هەرێمی کوردستاندا کرد. سەرۆکی حکوومەت سوپاسی پشتگیریی شانشینیی ئوردنی کرد و رۆڵی شا عەبدوڵڵای لە سەقامگیریی ناوچەکەدا بەرز نرخاند.

پاشان شا عەبدوڵڵا میوانداری سەرۆکی حکوومەت و شاندی هەرێمی کوردستانی بۆ خوانی نیوەڕۆ کرد.

شاندی یاوەری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێکهاتبوون لە ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ، عەبدوڵڵا حاجی مەحمود وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و سەفین دزەیی بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە.

ڕاگەیەندراوێک لە وەزارەتی تەندروستییەوە:

چوار هاوواڵاتی لە شاری سلێمانی دەرەنجامی پشکنینەکانیان دەرچوو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنان

سەرجەمیان پێشتر سەردانی وڵاتی ئێرانیان کردبوو



دوێنێ یەکشەممە 2020/3/1 وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە و تیایدا هاتووە "بە هاوواڵاتیانی خۆشەویست ڕادەگەیەنین کە لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا پشکنین بۆ 24 گومانلێکراو ئەنجامدرا کە لە نێویاندا 4 هاوواڵاتی لە شاری سلێمانی دەرەنجامی پشکنینەکانیان دەرچوو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 کە پێکهاتبوون لە خێزانێکی 3 کەسی و ئافرەتێک کە سەرجەمیان پێشتر سەردانی وڵاتی ئێرانیان کردبوو". ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەیە:

لە بەردەوامی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 لە هەرێمی کوردستان بەردەوامن لە ڕێکاری پێویست بۆ خۆپارێزی و دۆزینەوەی گومانلێکراوان و ئامادەکاریەکانی کۆنترۆڵکردنی ئەم پەتایە لە هەرێمی کوردستان.

بە هاوواڵاتیانی خۆشەویست ڕادەگەیەنین کە ئەمڕۆ یەکشەمە 1ی ئازاری2020 لە ماوەی 24 کاتژمێری ڕابردوودا پشکنین بۆ24 گومانلێکراو ئەنجامدرا کە لە نێویاندا 4 هاوواڵاتی لە شاری سلێمانی دەرەنجامی پشکنینەکانیان دەرچوو کە هەڵگری ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ COVID-19 کە پێکهاتبوون لە خێزانێکی3 کەسی و ئافرەتێک کە سەرجەمیان پێشتر سەردانی وڵاتی ئێرانیان کردبوو و دوای گەڕانەوەیان لە پڕۆسەی کەڕەنتین و چاودێری کردنی تەندروستی پشکنینیان بۆ کرا وە لە کاتی ئێستادا لە نەخۆشخانەی جیاکراوەی تایبەت بەم نەخۆشیە دانراون و باری تەندروستییان جێگیرە.

وەزارەتی تەندروستی جەخت دەکاتەوە کە پێویستە هەموولایەک پابەندی بڕیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و پاڵپشتی تیمەکانی تەندروستی بن بۆ دۆزینەوەی هەر گومانلێکراوێک و گەشتیارێک کە دووربن لە چاوی تیمەکانی تەندروستی.

هاوواڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە کاری پێویست بۆ ڕێکارەکانی خۆپارێزی و دۆزینەوەی گومانلێکراوان و ڕێگەگرتن لە بڵاوبونەوە و بەدواداچوونی چارەسەرییەکان.

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان
1ی ئاداری 2020

مەزارگە ئاینییەکانیش لە بابل بە ڕووی زیارەتکاراندا داخران

عێراق.. پێنج حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا ڕاگەیەندرا



دوای تۆمارکردنی پێنج حاڵەتی دیکەی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە بەرزبوویەوە و گەیشتووەتە 13 کەس.

ڕۆژی شەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی عێراق، سەیف بەدر لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە کە حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا تۆمارکران، کە چواریان دانیشتوی بەغدان ئەوەی دیکە دانیشتووی پارێزگای بابلە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە ئەو پێنج کەسە کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون پێشتر سەردانی ئێرانیان کردبوو دوای گەڕانەوەیان پشکنینیان بۆ کراوە. ئاماژە بەوەیشکراوە کە بەپێی ئەنجامی پشکنینەکان، جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا (Kovid-19) لەو پێنج کەسەدا بەدی کراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا باس لەوەشکراوە کە بەپێی ڕێنماییەکانی تەندروستی نێودەوڵەتی، هەموو بڕیارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ناوخۆ و ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و پاڵپشتی تیمەکانی تەندروستی بن بۆ دۆزینەوەی هەر گومانلێکراوێک و گەشتیارێک کە دووربن لە چاوی تیمەکانی تەندروستی.

هاوواڵاتیان دڵنیا دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە کاری پێویست بۆ ڕێکارەکانی خۆپارێزی و دۆزینەوەی گومانلێکراوان و ڕێگەگرتن لە بڵاوبونەوە و بەدواداچوونی چارەسەرییەکان.

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان
1ی ئاداری 2020

ئیتاڵیا.. ژمارەی ئەو کەسانەی تووشبون بە کۆرۆناوە گەیشتووەتە 1049 کەس

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ئیتاڵیا گیانیان لەدەستداوە بەرزبوویەوە بۆ 29 کەس. لەمبارەوە بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانیی ئیتاڵیا، ئەنجیلۆ بۆریلی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە ئیتاڵیا گیانیان لەدەستداوە بەرزبوویەوە بۆ 29 کەس و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە هەزار و 49 کەس. ئەنجیلۆ بۆریلی ئاشکراشیکرد کە ژمارەی ئەو کەسانەش کە بەتەواوی لە ڤایرۆسەکە چاکبوونەتەوە گەیشتووەتە، 50 کەس.

جێی باسە لە 12ی کانوونی یەکەمی 2019دا لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبای ڕۆژهەڵاتی چین جۆرێکی نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا دۆزرایەوە و بەخێرایی بۆ شارەکانی دیکەی چین تەشەنەی کرد، زۆربەی وڵاتانیش هاووڵاتییەکانیان لە چین گواستەوە و ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیش دۆخی لەناکاوی ڕاگەیاند.



شاندی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان سەردانی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتیی کرد

هۆشیار سیوەیلی، بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازیی لە بەڕێز باپیر کامەلا، سکرتێری گشتیی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان و شاندی یاوەری کرد، کە پێکهاتبوو لە سالح کاکەیی و محەممەد کامەلا سلێمان، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی. بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی بەخێرهاتنی بەڕێزیانی کرد و باس لە بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە بەگشتی و ڕۆژ و پێگەی هەرێمی کوردستان لەنێو ئەو ڕووداوانەی کە لە ناوچەکە دەگوزەرێن وا دەخوازێت کە گەلی کوردستان لەم قۆناغەدا بە بەرپرسیاریەتیی زیاترەوە مالّی خۆی ڕێک بخات و هەوڵی یەکدەستی بدات بۆ تێپەڕاندن و لەدەستنەدانی دەستکەوتەکان و بەردەوامبوون لە بەدەستهێنانی ئامانجەکان. بەشێکی دیکەی گفتوگۆی نێو ئەو دیدارە لەسەر بارودۆخی باپیر کامەلا باردۆخی ئێستای عێراق و ناوچەکە و کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە دەبێت هەموان پێکەوە ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی بدەینە ژێر و هاوکاریی تەواوی حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی هەرێم بکەین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە.

ڕۆژئاوای کوردستان، سووریا و باشوور و ناوەڕاستی عێراق بوو، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە دەبێت هەموان پێکەوە ڕووبەڕووی بەرپرسیاریەتی بدەینە ژێر و هاوکاریی تەواوی حکوومەتی هەرێم و سەرۆکایەتیی هەرێم بکەین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکە.



مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی و شاندێکی پەرلەمانی بەلجیکا کۆبوونەوە

لە مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشوازی لە شاندیکی هاوبەشی پەرلەمان و ڕێکخراوی قوربانیانی دەستی تیرۆری بەلجیکا و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووسی بەلجیکی بە سەرۆکایەتیی جۆرج دەلیمان، ئەندامی پەرلەمانی فەیدرالّی بەلجیکا و ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و ئەندامی پارتی کریستیان دیموکراتی ئەو وڵاتە کرا. لە دیدارێکدا، بارودۆخی ئێستای عێراق بۆ شاندی میوان خرایە ڕوو، بەشێکی دیکەش لە گفتوگۆکان پەیوەست بوون بە ڕەوشی ئاوارەکان و هۆکاری نەگەڕانەوەیان بۆ جێگای خۆیان. لە ڕوانگەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزاری پالّنەر دەبێت بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ جێگای خۆیان، هۆکاری نەگەڕانەوەیان بۆ نەبوونی متمانە بە هێزەکانی کە ئێستا لەوێن و نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە. هەروەها نەبوونی هاوکاریی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە ئاوارەکان، بەشێکی دیکەی ئەو دیدارە بوو و، هەروەها باس لە ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دۆخی کریستیانەکانی دەشتی نەینەوا و شنگال و قوربانیانی جینۆساید و پاکتاوی ڕەگەزیی کوردانی ئێزدی، پرسی ئاوارە و لێقەوماوەکانی شەڕی تیرۆر لە کوردستان و سووریا کرا.

بەڕێز دەیلمان و شاندی یاوەری کە پێک هاتبوون لە فیلیپ قاستێنکیست، سەرۆکی ڕێکخراوی قوربانیانی پەلاماری تیرۆریستییەکان و ژمارەیەک لە فۆتۆگرافەر و ڕۆژنامەوانانی میدیای بەلجیکی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی La Libre Belgique و تەلەڤزیۆنی ئەهلی بەلجیکا و لە هەفتەنامەی Paris Match-Weekly newpaper سوپاسی خەڵک و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ ئەو قوربانی و قارەمانییەتیەی بەرامبەر بە تیرۆریستان نواندیان.

بەڕێزیان ڕایگەیاند، حکوومەتی بەلجیکا و یەکێتیی ئەورووپا پێزانینی زۆریان هەیە بۆ هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو قەیرانەی کە ڕوویان تێکردووە، بە تایبەتی مامەڵەی مرۆڤدۆستانەی لەگەڵ لێقەوماوانی بەشەکانی دیکەی عێراق بە گشتی و بە تایبەتی دانیشتوانی شنگال و دەشتی نەینەوا. هەروا چەندین بابەتی جێی بایەخی تر لەسەر کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە کوردستان لە نێوان هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکان کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست تەنها لە کوردستاندا بوونی هەیە و جێگای شانازییە بۆ گەلی کوردستان و هاوپەیمانانی.

هاوکات قەیرانی سیاسی و ئەمنی و سەربازی و ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکانی ناوچەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، گفتوگۆیان لەسەر کرا. پارتی دیموکراتی کوردستان پێیوایە کە دەبێت هەموو لایەک خۆیان لە ئالۆزکردنی بارودۆخەکە بەدوور بگرن و پەنا بەرنە بەر گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدرالّی عێراق و شەڕی لە سووریا و کاریگەری لەسەر ڕۆژئاوای کوردستان باسی لێوە کرا، ئایندەی ناوچەکە و پەیوەندییەکانی نێوان بەلجیکا و هەرێمی کوردستان و بڕەودان بە پەیوەندییەکانی نێوانیان، بە وردی بیروڕای لەسەر گۆڕدرایەوە.

سوپای سووریا: شەش دروونی تورکیامان تێکشکاند

K24: دوێنێ یەکشەممە سەرچاوەیەک لە وەزارەتی بەرگری سووریا، ڕایگەیاند، هێزی بەرگری ئاسمانی سووریا شەش فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی تورکیای لە ئاسمانی ئیدلب تێکشکاند. ئەم ڕاگەیاندنەی وەزارەتی بەرگری سووریا دوای ئەوە دێت، سوپای تورکیا هەوالّی تێکشکاندنی دوو فڕۆکەی سەربازی سووریای لە ئاسمانی ئیدلب بلاّوکردەوە. هاوکات هەر دوێنێ یەکشەممە، سوپای سووریا ڕایگەیاند، ئاسمانی وڵاتەکەیان بە ڕووی هەر جوولّەیەکی فڕۆکە و دروونەکانی تورکیا دادەخەن. هەروەها ڕایگەیاند، هەر فڕۆکەیەکی تورکیا ئاسمانی سووریا ببەزێنێت دەکرێتە ئامانج.



د.محەمەد بەگ خەلیل*

پێشەمەرگەی بەرگ سپی وڵاتن

گومانی تێدا نییە تەواوی دامەزراوە فەرمییەکانی حکوومەت و هاوواڵتییان و میدیا خەریکی خۆپارێزین و ئامادەسازی دەکەن بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19) کە ئەگەری زۆرە نەخۆشییەکە بەمنزیکانە بگاتە نێو خاکەکەمان و سەرهەڵبدات لە نێو هاوواڵتییاندا، میحوەرەکانی پاراستن و بەرگری بەپێی ناوچەکان بەشبەش کراون، ڕاستییەکی زانراویش هەیە کە هێرشبەرانی گەلەکەمان نەبینراو و نەناسراو و دەمامک دراون، ڕەنگبێت بەشێوەیەکی نەویستانە بەبێ ئاگاداری کەسەکە خۆی یان بە شێوەیەکی نێردراوانە لەلایەن نەیارانی گەلەوە بۆ تووشکردنی خەڵکی کوردستان سەرهەڵبدات، گومان لەوە ڕاستییەشدا نییە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی پێشمەرگەی بەرگ سپی بردنەوەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دەبن، ئەوان جیا لەوەی تەواوی کاتەکانی خۆیان دەبەخشن، بۆ پاراستنی تەندروستی گەلەکەمان، ڕەنگبێت پێشمەرگەئاسا ژیانی خۆشیان پێشکەش بە دەرچوونی وڵاتەکەمان لە هەر دۆخێکی ناهەمواردا بکەن، ئەوان بەپێی پلەبەندی و پسپۆڕی تایبەتییەوە بەسەر میحوەرەکان لەسەر سنوور و فڕۆکەخانە و بازگەکان و نەخۆشخانەکان دابەشکراون، شەونخونی دەکەن بۆ سەلامەتی گیانی خەڵکەکەمان و ئاوەدانیی و وڵات دەپارێزن، پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی پێشمەرگەی بەرگ سپی پارێزەری خاکن، سەرمایەی پڕ لە زانیارین بۆ وڵاتەکەمان، دەرفەتێکی گرنگ هاتووتە پێشەوە بۆ ڕێخکستنەوەی ئەو پەیوەندی دابڕاوە کە چەند ساڵە بوونی هەیە لەنێوان بەشێک لە هاوواڵتییان و پزیشکان، دەبێت پێداچوونەوە بەو پەیوەندی دابڕاوانەدا بکرێت و هەموان دەست لەناو دەست بۆ خزمەتکردنی کوردستان لەتەک یەک بۆ ئایندە بڕوانین. لەگەڵ دڵنیای بەخشین بە دەرچوون لەم دۆخە، هیوای سەلامەتی بۆ سەرجەم کوردستانیان دەخوازین.

*پزیشکی نیشتەجێی خولاو

فەرماندەیەکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی عێراق کوژرا

فەرماندەیەکی باڵای وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لە باکووری بەغدای پایتەختی وڵاتەکە، کوژرا. دوێنێ یەکشەممە میدیا عێراقییەکان باڵاویان کردووەتەوە، کە چەکدارانی نەناسراو لە شارۆچکەی میقدادیە لە سنووری پارێزگای دیالە، دەستڕێژی گوللەیان لە فەرماندەیەکی عێراقی بە پلەی عەقید کردووە. فەرماندە عێراقییەکە سەر بە هێزی پاراستنی دامەزراوەکان بووە لە وەزارەتی ناوخۆ و لەسەر ڕێگای چوونی بۆ سەر کارەکەی،کەوتووەتە بەر دەستڕێژی چەکدارەکان و کوژراوە. بەهۆی ناکارایی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق، دەیان گرووپ و میلیشیای چەکداریی تووندڕەو، تاوانکاری و تیرۆریستی لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ئەو وڵاتە بلاّو بوونەتەوە، کە بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی بەرژەوەندیی ئەو لایەنەی کاری بۆ دەکەن، کردەی تاوانکاری و تیرۆریستی ئەنجام دەدەن.

ئێران... ژمارەی گیانلەدەستداوان بە هۆی کۆرۆنا گەیشتە 54 و ژمارەی توشبووانیش 978 کەس

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە بەکارهێنانی میترۆ لە تاران لە سەدا 70 کەمی کردووە



جیهانپور ئەوەیشی خستەڕوو کە حاڵەتەکانی توشبوون بە ڤایرۆسەکە ڕووی لە زیادبوون کردووە و بەگشتی ڕەوش لە پارێزگاکاندا جدیە و، داوای لە هاووڵاتیانیش کرد گەشت نەکەن، بەتایبەتی بۆ پارێزگاکانی گیلان و مازەندەران. هەروەها کیانوش جیهانپور باسی لەوە کرد کە 11 کەسی دیکە بەهۆی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لەدەستداوە و، لە دوێنێوە 385 حاڵەتی نوێی تووشبوون بە ڤایرۆسەکە تۆمارکراوە.

جیهانپور باسی لەوە کرد کە بەپێی دوایین زانیارییەکان ژمارەی ئەو کەسانەی بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبۆتەوە بۆ 54 کەس و، ژمارەی تووشبوانیش گەیشتووەتە 978 کەس. بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان لە وەزارەتی تەندروستیی ئێران جیهانپور، باسی لەوەیش کرد کە زۆربەی حاڵەتەکان لە تاران، قوم، مەرکەزی و گیلان تۆمارکراون.

کە 75 کەسیش لەسەرتاسەی وڵات کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون چاکبوونەتەوە و نەخۆشخانەیان جێهێشتووە.

لەلایەکی دیکەشەوە بەڕێوەبەری گشتی هێلّی میترۆی تاران، فەرنوش نۆبەخت بە میدیای خۆجێیی وڵاتەکەی ڕاگەیاند بەهۆی تەشەنەسەندنی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هاووڵاتیان کەمتر ئامرازەکانی هاتوچۆی گشتی بەکاردەهێنن و بەکارهێنانی هێلّی میترۆ لە تاران لە سەدا 70 کەمی کردووە. بەڵام وێڕای کەمبوونەوەی بەکارهێنانیش کەچی گەشتەکان بە میترۆ بەشێوەی ئاسایی بەردەوامن .هەروەها تەواوی گەشتە ئاسمانییەکان لە باکووری پارێزگای گیلان هەڵوەشێندراونەتەوە و چوونە دەرەوەش لە شاری قووم لە ڕێگر پشکنینی تونددا دەبێت.

کۆنترۆڵی ڤایرۆسی کۆرۆنا نزیک بۆتەوە و شارەکانی چین قەرەباڵغ دەبنەوە

خەبات/ مەریوان نەقشبەندی: لەکاتێکدا نزیکەی60 دەوڵەتی جیهان هاتوونەتە ناو زۆنی ئەو وڵاتانەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنای تێدا تۆمار کراوە، پزیشکانی چین مژدەی ئەوە بەجیهان دەدەن کە سەرەڕای بەردەوامی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە لە چین و چەند وڵاتێکی تر بەڵام ڕێژەی چاکبوونەوەی تووشبووان ڕوو لەزیادبوونە و پسپۆرە چینیەکانیش لەهەوڵی بەردەوامدان بۆ دۆزینەوەی ڤاکسینی تایبەت بە کۆنترۆڵکردن و لەناوبردنی ڤایرۆسەکە. ناوەندە تەندروستییە نێودەوڵەتییەکان ئاماژە بەبوونی زیاتر لە88 هەزار کەسی تووشبوو بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەکەن، بەڵام لەم ڕێژەیە تائێستا کەمتر لە 3000 کەس گیانیان لەدەستداوە و نزیکەی نیوەی تەقلیدیانەی کە لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بۆ کوشتن و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا بەکاردەهێنرێ ئەنجامی ئیجابی هەبووە و ئەمەش وادەکات دۆزینەوەی ڤاکسینی لەناوبردنی ئەم ڤایرۆسە نزیک بێت. هەروەها تووشبووانیش بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆن. هەروەها پزیشک و شارەزایانی ڤایرۆسەکان لەچین تەئکید دەکەنەوە هەتا ئێستا خۆپارێزی لەم ڤایرۆسە باشترین چارەسەرە بۆ ڕێگەگرتن لەزیادبوونی ژمارەی تووشبووان بەڵام ئەم چارەسەرە لەسەر ئەرزی واقیعیش و سەرەڕای زیادبوونی ژمارەی تووشبووان لە کۆریای باشوور و ژاپۆن و ئیتاڵیا و ئێران، بەڵام لەناو شارەکانی چیندا خەریکە قەرەباڵغی دروست دەبێتەوە و دڵەڕاوکێی مرۆڤەکان لە ترسی تووشبوون بەم ڤایرۆسە ڕوو لەکەمبوونەوە دەکات.

دکتۆر هون گوان سو پسپۆڕی نەخۆشییە گوازراوەکان لە زانکۆی پزیشکی پەکین لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا دەڵێت: بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسە لە هەموو کیشوەرەکانی هەسارەی زەوی وایکردووە هەماهەنگی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە و کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسی کۆرۆنا دروست بێت و ئەمەش هەلی دۆزینەوەی ڤاکسین و شێوازی کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسەکە خێراتر دەکات.

یاد و بیرەوەرییەکانی بارزانیی نەمر لە هزر و بیری خەڵکدا هێشتا زیندوون



ساسان دەروێش-ئەڵمانیا

41 ساڵ تێدەپەڕێ بەسەر کۆچباری ڕابەری کوردایەتی و باوکی ڕۆحی نەتەوەییمان بارزانیی نەمر، 74 ساڵ لە خەباتی پارتەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان، هێشتا کەلەپوور و ڕێبازەکەی وەک میتۆووی ئەم ژەنەڕاڵەی لە چیا بەرزتر کە میتۆوێکی پڕ سەروەرین بۆ نەتەوەی کورد لەناو خەڵکدا بەزیندوویی گوزەر دەکەن و وانەی جوانیی کوردایەتی فێری پێشمەرگە و خەڵک دەکات و خۆشەویستی لە ناخی نەوەی نوێدا دەچێنێت، لەسەر ئەو بنەمایەش کاروانی ڕێبازە پیرۆزەکەی پڕ ڕێبواڕە و بەردەوامە لە درێژەدان بەو خەباتە کە سەرۆک مەسعود بارزانی لە ئێستادا ڕابەرایەتیی دەکات و هەمیشە خۆی بە پێشمەرگە و لەنێو سەنگەری بەرگریدا بینیوەتەوە، لە 14 ساڵی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و پێشمەرگایەتی چەندها کەسایەتی نێو شۆڕش یاد و بیرەوەرییەکانیان لەگەڵ بارزانیی نەمر و شۆڕشەکەی بوونەتە شاهیدحاڵی میتۆو، ئاراس شێخ نەجمەدینی شێخ سالح ڕۆشنبیر و کادیرێکی پێشکەوتووی پارتییە لە ئەڵمانیا و باوکی یەکێک بووە لە فەرماندە و دڵسۆزەکانی شۆڕش و چەندەها بیرەوەری لەو شۆڕشەدا هەیە و چەندجارێکیش بە خزمەتی بارزانیی نەمر گەیشتووە بۆ ئەم بیرهێنانەوەیە بۆ خەبات دوا.

بارزانیی نەمر هەمیشە لەنێو پێشمەرگەکانیدابوو

ئاراس بەرزنجەیی باس لە یەکێک لە یادەوەرییەکانی ئامادەبوونی خۆی و باوکی دەکات و دەڵێت بارزانیی نەمر هەمیشە لەنێو پێشمەرگەکانی دابوو لە نزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی ژیان و هەڵسوکەوتیان بوو هەروەک سەرۆک مەسعود بارزانی کە پەروەردەی ئەو هەمیشە درەوشاوییە لەنێو دڵ و دەروونماندا، باوکم بۆی گێڕامەوە لەسەروەختی گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە ساڵی 1958 لە ڕووسیاوە بەڕەو نیشتمان، چەند گەنجێکی شاری سلێمانی (مەحمودی حەمەی شازەمان، عەلی حاجی حەمەسوور، حاجی باقی بەنگینە، شێخ نەجمەدینی شێخ سالح) چوبوونە بەغدا تا بە خزمەتی سەرۆک بارزانیی نەمر شاد بن و بەخێرهاتنەوەی لێ بکەن بۆ کوردستان، پێیمی گوت: دوای بینینمان و لەخزمەتیدا دانیشتین، بارزانیی نەمر بەئێخەی یەکێک لە کوڕانی شارەوە وێنەی خۆی بینی، بارزانیی نەمر بەگشتی بۆمان دوا و فەرمووی: من دڵخۆشم پێتان، دڵنیام ئەم میللەتە مەزلومە دەگاتە حەقی خۆی، چونکە ڕۆڵەکانی ئێوەن، بەڵام تکاتان لێ دەکەم کوردایەتیی بەشێوە و جۆری تر بکەن، لە جیاتی هەڵگرتنی وێنەی من کاری تر زۆرە، بچنە ڕۆژنامەی خەبات دوو دێر بۆ ڕۆژنامەکە بنووسن و بچنە ناو خەڵک باسی کورد و میتۆووەکەی و مەزلومییەتی کورد بکەن، ئەمە خزمەتە.

هەرگیز بەر نادەن، درێژەپێدەری ئەو ڕێبازەش سەرۆک مەسعود بارزانییە کە هەمیشە لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدایە و خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و میتۆو شاهیدی زیندووی قارەمانیەتی و دڵسۆزییانە.

ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە درەوشاوییە

ئاراس بەرزنجەیی لە یادەوەرییەکی تری باوکیدا دەبارەی گەورەیی بارزانیی نەمر و خاکیبوونی لەنێو خەڵک و شۆڕش و خزمەتکردنی کە زیاتر لەنیو سەدە بوو بە ئێستاشەوە ناوی لە هەزر و ویژدانی کورددا بەزیندوویی ماوەتەوە و ڕێبازەکەی پڕ ڕێبواڕە و گوتی: ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدایە و خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و میتۆو شاهیدی زیندووی قارەمانیەتی و دڵسۆزییانە.

ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە درەوشاوییە

ئاراس بەرزنجەیی لە یادەوەرییەکی تری باوکیدا دەبارەی گەورەیی بارزانیی نەمر و خاکیبوونی لەنێو خەڵک و شۆڕش و خزمەتکردنی کە زیاتر لەنیو سەدە بوو بە ئێستاشەوە ناوی لە هەزر و ویژدانی کورددا بەزیندوویی ماوەتەوە و ڕێبازەکەی پڕ ڕێبواڕە و گوتی: ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدایە و خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و میتۆو شاهیدی زیندووی قارەمانیەتی و دڵسۆزییانە.

ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە درەوشاوییە

ئاراس بەرزنجەیی لە یادەوەرییەکی تری باوکیدا دەبارەی گەورەیی بارزانیی نەمر و خاکیبوونی لەنێو خەڵک و شۆڕش و خزمەتکردنی کە زیاتر لەنیو سەدە بوو بە ئێستاشەوە ناوی لە هەزر و ویژدانی کورددا بەزیندوویی ماوەتەوە و ڕێبازەکەی پڕ ڕێبواڕە و گوتی: ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدایە و خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و میتۆو شاهیدی زیندووی قارەمانیەتی و دڵسۆزییانە.

ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە درەوشاوییە

ئاراس بەرزنجەیی لە یادەوەرییەکی تری باوکیدا دەبارەی گەورەیی بارزانیی نەمر و خاکیبوونی لەنێو خەڵک و شۆڕش و خزمەتکردنی کە زیاتر لەنیو سەدە بوو بە ئێستاشەوە ناوی لە هەزر و ویژدانی کورددا بەزیندوویی ماوەتەوە و ڕێبازەکەی پڕ ڕێبواڕە و گوتی: ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدایە و خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و میتۆو شاهیدی زیندووی قارەمانیەتی و دڵسۆزییانە.

ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە درەوشاوییە

ئاراس بەرزنجەیی لە یادەوەرییەکی تری باوکیدا دەبارەی گەورەیی بارزانیی نەمر و خاکیبوونی لەنێو خەڵک و شۆڕش و خزمەتکردنی کە زیاتر لەنیو سەدە بوو بە ئێستاشەوە ناوی لە هەزر و ویژدانی کورددا بەزیندوویی ماوەتەوە و ڕێبازەکەی پڕ ڕێبواڕە و گوتی: ناوی بارزانیی نەمر بۆ هەمیشە لەنێو سەنگەرەکانی پێشمەرگەدایە و خۆی بە پێشمەرگە دەزانێ و میتۆو شاهیدی زیندووی قارەمانیەتی و دڵسۆزییانە.

ئەو ڕۆژا ئەم هەژاندین

سەگڤان یوسفی

لسالا 1979 بی ئەم لریزا دووێ ناڤنجیا بەدرخان لزاخو بین چەندین هڤال لگەل مە د هویێ ڤە بین (شعبە)، نازم محەمەد سەعید، خالد روشدی، حوسین سەلیم جزیری، محەمەد حەسەن خەیات، بەدرخان یوسف، توما حەنا، حوسین محەمەد عەلی. گەلەک بێت دی ژی لگەل مەبین نائێنە بیرامن، هەکەر لبیرا هەرکەسەکێ ژ هەڤالێت مە ناڤێت دی لبیرێ بن بلا ژکەرەما خو ناڤێ وان بینت. دەرسا دوێ بی ماموستا مەجید ڕەزا خانقینی هوسا بناڤ و دەنگ بوو دناڤ مەدا (لێ سەیدا مە ئەحمەد شوکر کو خزماتیەک لگەل خودێ ژێ رازی هەبی)دبێژت خەلکێ کفریە.

ماموستای وانا میژۆێ و جوگرافیای بی، مرۆڤەکی چەند بێژی نەرم و لسەر خۆ بی، هێدێ هێدی دئاخفت، سەیدای مجید گۆت: مە چ هەیە دادەست بدەرسا خۆ بکین بخوینین. حەمی پول مت و ملیل و بی دەنگ ما، و ئێکجاری دەنگ ژ کەسێ نەهات، گۆت ئەڤە وە خێرە! من بەرسڤا ویدا: سەیدا ئەم حەز ناکین ئەڤرۆ وانا میژووێ بخوینین. بۆ مە بئاخڤە.... وی زانی مەرەما مە وەغەر کرنا سەرکردێ مەزنێ کورد مەلا مستەفا یێ بارزانی یە. ماموستا مجید گۆت: دێ باشە، دەست دا تەبەشیرێ وچو پێش تەختا رەش، وینێ گولیەک گەفی کێشا و گۆت: هەکەر ئەڤ گولیا گەفی کەت، دێ هزارەها گولی لجهێ وێ شین بن. هەروەسا دڤێت ئەم مرۆڤ هەکەر دکارەکێ دا سەرنەکەفتین، دڤیا ئەم بێ هیڤی نەبین. دنیا دیر ودرێژە ودلڤیە مشەنە. هەروەسا گۆت: هەکەر دنیا سەرمایەکی بحێل بت و هەرچار ڕەخ وریێیت مرۆڤی بەفرێ گرتبن و بێتک جاری تشتەک نەبت مرۆڤ خۆ پێ گەرم بکت، گەلەک ژدیرڤە چریسەک دیار بت، ئەم بهیڤینە رۆژەک ژ رۆژان بگەهینە وێ چریسکێ، دێ هەر گەهینێ. مەرەما سەیدا هیڤی وئارمانجێن ڕەواییت گەلێ کورد و کوردستانێ بین. هزار سلاڤ لگوریێ سەیدایێ گیانێ کورد پەروەریێ لدەڤ مە چاندی، ڕێز وحورمەت بۆ سومبولا کوردایەتیێ، ملا مستەفا یێ بارزانی. وتەڤایا شەهیدێت کورد و کوردستانێ.



خوالێخۆشبوو، ماموستا مەجید ڕەزا



ئێران هۆشداریی دەداتە تورکیا

ڕووداو: ناوەندی ڕاوێژکاریی سەربازیی ئێران لە سووریا کە لە هێزە ئێرانی و لوبنانییەکان پێکدێن لەوەڵامی هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر ئیدلب و دەوروبەری، بە تورکیا دەڵێن "دەتوانین بتانکەینە ئامانج واز لەو ڕەفتارانەتان بێنن". ناوەندەکە داوا لە حکوومەتی تورکیا دەکەن "ژیرانە ڕەفتار" بکەن و هێرش نەکەنە سەر هێزەکانیان ئەگینا بەگوتەی خۆیان "سەربازانی تورک" لەلایەن هێزەکانییانەوە دەکرێنە ئامانج و دەکوژرێن.

دەقی ڕاگەیێندراوەکە:

1- لەدوای داواکاریی حکوومەتی سووریا بۆ ئازادکردنی ڕێگای M5 لەگەڵ سوپای ئەو وڵاتە هاوکاریمان کرد و هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان بەهاوکاریی لەگەڵ گرووپەکانی بەرگریی دوای ئازادکردنی ڕێگاکە، دەستیانکرد بە گەیاندنی خزمەتگوزاریی بە ئەو خەڵکەی لەو ناوچانە نیشتەجێن.

2- گرووپە چەکدارەکانی سەر بە سوپای تورکیا دوای ئازادکردنی ئەو ڕێگایە، هێرشیانکردەسەر ناوەندەکانی سوپای سووریا کە ئێمە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ڕێگای M5 لە کۆنترۆڵی سوپای سووریا دەرنەچێتەوە هاوکاریی سوپای سووریامان کرد.

3- لەوکاتەی لە سووریاین، ناوەندەکانی سوپای تورکیا لەژێر چاودێریی هێزەکانمان بوون، بەڵام بەپێی ڕێککەوتننامەی ئاستانە و کۆبوونەوەکانی دیکە، هێزەکانی کۆمیتەکان و گرووپەکانی بەرگریی هێرشیان نەکردەسەر ناوەندەکانی سوپای تورکیا و تاوەکو ئێستاش لە بەئامانجکردنی ناوەندەکانی تورکیا خۆمان ڕاگرتووە.

4- لە چوار ڕۆژی ڕابردووەوە هێزە دەرەکییەکان لە تاجیکستان و لە حیزبی تورکستانی و هێزەکانی نوسرە و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە، هێرشێکی بەرفراوانیان دژی ناوەندەکانی سوپای سووریا دەستپێکردووە، هێزەکانمان ئەمجارەش بۆ ئەوەی ئەو ناوچە ئازادکراوانە جارێکی دیکە لەلایەن ئەو گرووپانەوە کۆنترۆڵ نەکرێنەوە یارمەتی سوپای سووریامان داوە.

5- لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە دۆخی بەرگریی بووین، سوپای تورکیا لە ئاسمانەوە بە ئاگربارانو و ناردنی مووشەک هێزەکان و ناوەندەکانمانیان بۆردوومانکردووە و ئێمە بۆ چارەسەرکردنی ئەو پرسە چەندین نێوەندگیرمان بۆلای سوپای تورکیا نارد تاوەکو ئەو هێرشانە و ئەو هەڵسوکەوتە نابەجێیانەیان بووستێنن.

6- نێوەندگیرەکان بە سوپای تورکیایان ڕاگەیاندووە تیرۆریستەکان بەپشتیوانی ئێوە هێرشیانکردووەتەسەر ناوەندەکانمان و ئێمە لەگەڵ سوپای سووریا بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو تیرۆریستانە دەکۆشین، بەڵام بەداخەوە سوپای تورکیا هیچ بایەخێکی بە قسەکانی ئێمە نەداوە و بەردەوامیی بە بۆردوومانەکانی دا تاوەکو چەندین جەنگاوەری ئێمە شەهیدبوون.

7- تۆپخانەی سوپای سووریا بۆردوومانی ئەو شوێنانەیان کرد کە لەوێوە هێرش کراوەتەسەریان، ئێمە جارێکی دیکە لەڕێگەی نێوەندگیرەکانمانەوە بە سوپای تورکیامان گوتووە بەنیازی ئەوە نین بەرەنگاری سوپای تورکیا ببینەوە و فەرماندەکانمان بۆ چارەسەری قەیرانی نێوان سووریا و تورکیا لە ڕێگای دیپلۆماسییەوە پێداگریی دەکەن.

8- لە سەرلەبەیانی ئەمڕۆوە بە هێزەکانمان ڕاگەیاندووە بۆ پاراستنی گیانی سەربازانی تورکیا، بنکە سەربازییەکانیان لە ئیدلب نەکەنە ئامانج، بەڵام سوپای تورکیا هێشتا بەردەوامە لە تۆپبارانی بنکەکانی ئێمە و سوپای سووریا.

9- ناوەندی ڕاوێژکاریی سەربازیی ئێران و جەنگاوەرانی بەرەنگاریی "هێزەکانی حیزبوڵڵای لوبنان" داوا لە هێزەکانی تورکیا دەکەن، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی دوو گەلی سووریا و تورکیا، ژیرانە هەڵسوکەوت بکەن و بۆ گەلی تورکیاش جەخت لەوە دەکەینەوە کە ڕۆڵەکانتان یەک مانگە لەژێر چاودێریی ئێمەن و دەمانتوانی تۆڵە بکەینەوە، بەڵام لەبەر فەرمانی فەرماندەکانمان ئەوکارەمان نەکرد. داوا لە ئێوە دەکەین زەخت بخەنە سەر بەرپرسەکانتان بۆ ئەوەی ڕێگریی بکرێت کە کوژرانی سەربازانی تورک و پابەند بکرێن بە ڕێککەوتنەکانەوە.

10- ئەگەرچی دۆخەکە سەختە بەڵام جەختدەکەینەوە تاوەکو دەرکردنی تیرۆریستەکان و پاراستنی سەروەریی خاکی سووریا، لەگەڵ حکوومەت و گەل و سوپای سووریا دەمێنینەوە و داوا لە هەموان دەکەین لەبارەی مەترسییەکان و لێکەوتەکانی دریژەدان بە هێرشکردنەسەر سووریا ژیرانەتر بیربکەنەوە.

جێی باسە لە هێرشەکەی سوپای تورکیا و چەکدارانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا بۆ سەر هێزەکانی حکوومەتی سووریا بۆ دەروبەری حەلەب، 9 چەکداری حیزبوڵڵای لوبنان کوژران.



سەگڤان هالو

لە ساڵیادی سیمبۆلی ڕۆحی نەتەوەییمان ژەنەڕاڵی چیاکان

بارزانیی باوکدا

ئەمڕۆ یادی ڕێبەری نەتەوەیی و نیشتمانییمان دەکەینەوە، یادی بارزانیی نەمر ژەنەڕاڵی چیاکان و سیمبۆلی ڕۆحی نەتەوەکەمان، بارزانی باوک بو کورد و کوردستان ژیا و لەپێناو کورد و کوردستانیشدا سەری دانا، خەباتی پاک و بێگەردی بارزانیی نەمر لاپەڕەکانی میتۆوویی نەتەوەکەمانی پڕشنگدار کردووە، چونکە ڕۆژێک لە ڕۆژان سازشی نەکرد لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکانی کوردستان و هەمیشە لە سەنگەری بەرگریکردندا بووە، شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بارزانیی نەمر بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ئەم ڕاستییە، دەگمەنن ئەو ڕێبەرانەی کە بەختەوەری و ئاسوودەیی خۆیان لە بەختەوەری و ئاسوودەیی نەتەوەکەیاندا دەبینن، باررانیی باوک یەکێک بووە لەو ڕێبەرە کاریزمایانەی سەدەی ڕابردوو کە توانی دۆزی ڕەوای کورد وەک دۆزێکی نەتەوەیی بە جیهان بناسێنێت و دەنگ و پەیامی مەزڵومییەتی کورد بە گوێی جیهاندا بدات و پێیان بڵێت کورد هیچی کەمتر نەبووە و نییە لەو هەموو نەتەوانەی کە خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن و کوردیش مافی خۆیەتی دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

بەڵێ، خەباتی بارزانیی نەمر لەپێناو ئازادی و سەرفەرازیی کورد و کوردستاندا بووە و بستەبستی خاکی کوردستانیش گەواهیدەری ئەم حەقیقەتەن، بارزانیی نەمر شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و ئارامی بوو نەک هەر بو کورد، بەڵکو بو تەواوی گەلانی ناوچەکە، هەر بۆیەش داوای چەسپاندنی دیموکراسییەتی دەکرد لە دژی ڕژێمە دیکتاتۆرەی و شمولییەکانی ناوچەکە تاکو پەرەنیسپی یەکتر قبووڵکردن و ڕێزگرتن لە تایبەتمەندییەکانی یەکدی بێتە ئاراوە، بۆیە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین و خۆمان دەچەمێنین لەهەمبەر وەها ڕێبەرێکی مەزن و تێکۆشەری شەهیدانی کورد و کوردستان.

ئەمەریکا.. دانانی قەدەغەی دیکەی گەشت لەسەر ئێران، ئیتاڵیا و کۆریای باشوور بەهۆی کۆرۆناوە

بە هۆی جۆری نوێی ڤایرۆسی کۆرۆناوە، حکوومەتی ئەمەریکا قەدەغەی دیکەی لەبارەی گەشت لەسەر هەریەک لە ئێران، ئیتاڵیا و کۆریای باشوور دانا. جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستی لە کۆشکی سپی، ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە تەمپ قەدەغەی هاتنە ناوەوەی ئەمەریکای لەسەر ئەو هاوواڵاتیە بیانیانە داناوە کە لەماوەی 14 ڕۆژی ڕابردوودا سەردانی ئێرانیان کردووە.

پێنس ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە پێشتر قەدەغەی گەشتیان خستووەتە سەر هاوواڵاتیانی ئێران و، ئاماژەی بەوە کرد کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هۆشداری لەبارەی گەشت بۆ چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی کۆریای باشوور و ئیتاڵیا بەرزکردووەتەوە بۆ چوار کە بەرزترین ئاستی هۆشداریە.

پێنس باسی لەوە کرد کە لەگەڵ نوێنەرانی ئیتاڵیا و کۆریای باشوور لە پەیوەندیدان لەبارەی پشکنینی تەندروستی بۆ ئەو کەسانەی لەو وڵاتانەوە سەردانی ئەمەریکا دەکەن و، ڕایگەیاند: "ئەمەریکییەکان ئاگادار دەکەینەوە کە بەتایبەتی سەردانی چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی ئیتاڵیا و کۆریای باشوور نەکەن."

جێگری سەرۆکی ئەمەریکا پێنس، باسی لەوە کرد کە مەترسی پەتاکە لە ئەمەریکا کەمە، لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرتاسەری وڵاتدا لەگەڵ بەرپرسانی تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکاندا لە نزیکەوە چاودێری ڕەوشەکە دەکەین. جێی باسە لەسەرەتای مانگی شوباتدا، وەزیری تەندروستی ئەمەریکا، ئەلێکس ئازار "دۆخی لەناکاوەی تەندروستی گشتیی "لە وڵاتدا ڕاگەیاند و، ئاماژەی بەوە کرد کە قەدەغەی گەشتی ئەمەریکایان لەسەر ئەو هاوواڵاتیە بیانیانە داناوە کە لە ماوەی 14 ڕۆژی ڕابردوودا سەردانی چینیان کردووە، هەروەها ئەو بیانیانەشی مەترسی هەڵگرتنی ڤایرۆسی کۆرۆنایان هەیە بەشێوەیەکی کاتیی هاتنیان بۆ ئەمەریکا قەدەغە کراوە.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان
بانگەوازێکی بەپەلەی بڵاوکردەوە

داوا لەوانە دەکرێت کە لە ئێران گەڕاونەتەوە بە زووترین کات لەماڵ و منداڵەکانیان دوور بکەونەوە

وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بانگەوازێکی بەپەلەی ئاراستەی خەڵکی هەرێمی کوردستان کرد.

وەزیری تەندروستی، لە پێگەی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووک) بانگەوازێکی بەپەلەی بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: دوای بڵاوبوونەوەی لیستی ناوی ئەو گەشتیارانەی کە گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی دابڕگەی پزیشکییان بۆ بکرێت و جیابکرێنەوە، یان بە قاچاخ و دوور لە تیمەکانی پزیشکی ئێستا لە هەرێمی کوردستانن، یان هەر گەشتیارێکی دیکە کە لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا گەڕاونەتەوە، جێگای مەترسین.

وەزارەتەکە ئاگاداری کردوونەتەوە کە بە زووترین کات لە ماڵ و منداڵ و خێزانەکانیان دوور بکەونەوە و پەیوەندی بە تیمەکانی پزیشکییەوە بکەن.

داواشی لە هاوڵاتیان کردووە، لەم جۆرە کەسانەی ئاماژەیان پێدراوە، نزیک نەکەونەوە و لە پێناو تەندروستیی خۆیان و خانەوادەکانیان، پەیوەندی بە تیمەکانی تەندروستییەوە بکەن، بە ئامانجی ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COVID-19).

ڕێ ورسمێن ب دوماهی هاتنا ئەرکێ بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ هاتنە گێران



پێشکێشکری وهیڤی یا ژینەکا بەختەوەر بو خواست و داخازا سەرکەفتنێ بو کر کو پشتی دەمەکێ درێژ ژخزمەتکرنێ هاتیە خانەنشینکرن.

هەروسا پارێزگەرێ دهوکێ گوت: نوکە ب شێوەکێ بەروەخت ماجد سەید صالح وەکو جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ ب وەکالەت ل شونا کاک بەهزاد علی ئادەم هاتیە دانان و ژهەمو لایەنان خواست کو دهاریکار و هەڤکاربن دگەل جێگرێ پارێزگەری ب وەکالەت و داخازا سەرکەفتنێ بو خواست. ل دوماهیێ پارێزگەرێ دهوکێ تەکەزکر کو نێک ژبەرنامێن سەرەکی یێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەوە کو روتین ب هیچ رەنگەکی لناڤ دام ودەزگەهێن حکومەتا هەرێمێ نەمینیت و هەمو ڕێڤەبەر وفەرمانبەر بلەز ول دوڤ رێنمایا مامەلێن وەلاتیان بجهبینن. ژلایێ خوڤە بەهزاد علی ئادەم جێگرێ بەرێ یێ پارێزگەرێ دهوکێ سوپاسیا هەمو لایەنان ورێڤەبەر وفەرمانبەرێن سەرب کارگێریا پارێزگەها دهوکێ ڤە کر کو ژسالا 1992ب دلسوزی دگەلدا کارکریە وئەو ب هەڤرا شیاینە خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ بکەن و هیڤیا سەرکەفتنێ بو ماجد سەید سالح جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ ب وەکالەت خواست.

بەرپرسی لقی 16 ژمارەیەک لە هاونیشتمانیانی سنوورەکە بەسەر دەکاتەوە



لەدرێژەی دیدار و سەردانە بەردەوامەکانیدا بۆ لای هاونیشتمانیان و نوێنەری چین و تۆێژە جیاجیاکانی دەڤەرەکە و ئاگاداربوون لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییە هەنووکەییەکانیان، بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16 ی هەولێری پارتی بەیاوەری بەشێک لە کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەکان سەردانی هەریەکە لە مام سمایل حەسەن و هەڤاڵ سەنعان و خەسرەو کێخوا حبیب پالانی کرد. لەمیانی سەردانەکانیدا بەرپرسی لقی 16ی هەولێر وێڕای هەواڵپرسین لەباری تەندروستی و ژیان و گوزەرانی ئەو نیشتمانیانە بەوردی لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستی هاووڵاتییانی دەڤەرەکەی کۆڵییەوە لەپێناو چارەسەرکردنیان و دابینکردنی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاونیشتمانیان و بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارو پڕۆژانەی کەدەبنە مایەی خۆشگوزەرانی بۆ تەواوی خەڵکی سنوورەکەو لەم سۆنگەیەشەوە هەمو هەوڵێکی خۆمان خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی لەرێگەی دام و دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بتوانین خزمەتی زیاتری هاووڵاتیان بکەین کە ئەمە بەئەرکی هەرە لەپێشینەی کارەکانمان دەزانین و لەم ڕوەشەوە هیچ کاتێک دریغی ناکەین. هەر لەمیانی سەردانەکانیدا لەلایەن ئەو هاونیشتمانیانەوە چەندین داوکاری و سەرنج و پێشنیار خرانەڕوو کە بەئەنجام گەیاندنیان خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکە دەستەبەر دەبێت، لەبەرامبەردا بڵند ئیسماعیل ئامادەیی لقی 16ی هەولێری دەربڕی بۆ هەر جۆرە هاوکارییەک کەببێتە مایەی خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان و سودی گشتی بۆ تەواوی خەڵکی سنوورەکە هەبێت.

دانانی میکانزمێک بۆ هۆشیارکردنەوە و خۆپارێزی لە پەتای کۆرۆنا

پ.د.جەوهەر فەتاح سەعید سەرۆکی زانکۆ بە وەکالەت لەکۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ سەرۆک زانکۆکانی پۆلەتەکنیکی و زانکۆی هەولێری پزیشکی و سەرۆکی بۆردی کوردستان باسی لە پێکهیناني چەندین لێژنە کرا بۆ دانانی میکانزمێک بۆ هۆشیارکردنەوە و خۆپارێزی تا بتوانرێ بە هەمو شێوەیەک ڕووبەڕووی پەتای کۆرۆنا ببنەوە ئەمەش بەدانانی چەند لێژنەیەکی چاودێری لە نێو قوتابیان و مامۆستایان و کارمەندانی زانکۆکانی هەولێر، هەروەها باس لە هۆشیار کردنەوەی هەمو چین و تۆێژیکانی زانکۆ کرا ئەویش لە ڕێگای دانانی نامیلکە و گرتەی ڤیدیۆیی کورت سەبارەت بە چۆنیەتی خۆپاراستن. شیاوی باسە لەم کۆبونەوەیەدا بریار درا بە دروستکردنی لێژنەیەکی بالا بۆ کۆبوونەوەی هەفتانە تا لە نزیکەوە چاودێری هەموو ئەوانە بکرێ، کە گومان دەکرێ تووشی ئەم پەتایە بوونەتەوە، هەروەها بەدوا داچوون بۆ هەمو ئەگەرێک بکری لە حاڵەتی نەخوازراو ئەنجامەکەشی لە کۆبونەوەکان تاوتوێ بکرێ.

لە باشماخەوە هێلکە بەبێ پشکنین دێتە هەرێمی کوردستانەوە

پێشەوا هەورامانی، گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیێنراوێکدا ئەوەی خستەڕوو، دووگی ئاژەڵ، خورمای قاچاخ، جگەر و جگەرە دەهێنرێنە هەرێمی کوردستانەوە و کەس ناتوانێت بیانپشکنێت. گوتەبێژی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان باسی لەوەش کردووە، هەندێک بارهەڵگر بۆ باریک 11 هەزار دۆلار دەدەنە قاچاخچی و ملیۆنان دۆلار دەچێتە گیرفانی یەک-دوو کەسەوە.

پێشەوا هەورامانی ئاماژەی بەوە کردووە، ئەو کالا و خواردنانەی لە دەروازەی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە ڕێگەیان پێنادرێت بهێنرێنە هەرێمی کوردستانەوە، دەگەڕێنرێنەوە و لە ئێرانەوە لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکانی باشماخ و پەرۆێزخانەوە دەهێنرێنە ناوەوە.

گوتەبێژەکەی فراکسیۆنی پارتی دەڵێت، لە کاتێکدا ڤایرۆسی کۆرۆنا بە چڕی لە ئێراندا بڵاوبووەتەوە، قاچاخچێتی گەیشتووەتە ئاستێک کە لەبەر پارە خەڵک لە ئێرانەوە بەبێ پشکنینی تەندروستی دەهێنرێنە هەرێمی کوردستان. ئەو پەرلەمانتارە باس لەوە دەکات کە ئەوان هەڵوێستیان هەبووە و کاری پیشەیی خۆیان لەو بارەیەوە ڕاپەڕاندووە و چەند بەڵگەیەکی لە بەردەستدایە ئەوە دەخەنەڕوو کە هەموو ئەو بەرهەمانەی لە ئێرانەوە لەو دەروازە سنوورییەوە دەهێنرێنە هەرێمی کوردستانەوە کەس بۆی نییە بیانپشکنێت و دوای کاژێر 11:00ی شەو دەهێنرێنە دەروازە سنوورییەکە و پاسەوانییش دەکرێن.

بە گوتەی پێشەوا هەورامانی، شەوانە 80 بۆ 100بارهەڵگر ڕێگەیان پێدەدرێت بێنە هەرێمی کوردستانەوە و نرخی هێنانیشیان جیاوازە.



ئەو قوتابیانەی لە زانکۆکانی دەرەوە دەگەڕێنەوە پێوستە پابەندی ڕێککارە تەندروستیەکانی بن



بە نوسراوی ژمارە 306 لە ڕێکەوتی 2020/3/1 کە ئیمزای د. ئارام محمد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لەسەرەو ئاراستەی چەند لایەنێکی پەیوەندار کراوەو لە پێناو پاراستنی سەلامەتی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا: سەرجەم خوێندکاران/ قوتابیان کە لە زانکۆکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و شارەکانی ناوەڕاست و خواروی عێراق دەخوێنن و لە ئێستادا گەڕاونەتەوە یان دەگەڕێنەوە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان، پێویستە پابەندی تەواوی ڕێککارە تەندروستییەکان جێبەجێ نەکەن، ئەوا لە داهاتودا لە کاتی یەکسانکردنی بڕوانامەکانیان، وەزارەتەکەمان ڕێککاری یاسایی بەرامبەریان دەگرێتەبەر لە کاتی ئەژمارکردنی مۆڵەت و ماوەی یاسایی مانەوە لە وڵاتی خوێندن و پەسەندکردنی بڕوانامەکانیان.

سلێمانی.. نرخی کارەبای موەلیدە ئەهلییەکان دیاریکرا

بەمەبەستی دیاریکردنی نرخی کارەبای مۆلیدە ئەهلییەکان، دوێنێ یەکشەمە 2020.3.1 بەسەرپەرشتی ئاوات محەمەد، قائیمقامی سلێمانی، لە دیوانی قائیمقامیەت لەگەڵ لیژنەی دیاری کردنی نرخ و بەرنامەی موەلیدە ئەهلییەکان کە لە نوێنەری پێشەنگی وەزارەتی کارەبا و کۆنترڵی کارەبای سلێمانی، ئاسایشی ئابووری، چاودێری بازرگانی و نوێنەری لیژنە هاوبەشەکانی قایمقامیەت پێکهاتووە، کۆبووە.

بەگوێری نرخی گازوایل لە بازاڕەکان، نرخی یەک سەعات ئەمپێری کارەبای مۆلیدەی ئەهلی لە سنوری سلێمانی بە 39 دینار و 23فلس دیاریکرا و بەلێکدانی ژمارەی کاتژمێری کارکردنی موەلیدەکان لەگەڵ نرخی یەک کاتژمێر بۆ ئەمپێر، نرخی یەک ئەمپێر بۆ مانگێک دەردەچێت، هەربۆیە نرخی ئەمپێرێک کارەبای موەلیدە لەگەڕەکێک بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازە. سەبارەت خشتەی پێدانی کارەبای موەلیدە لە مانگی سێ کاتژمێر 1ی پاشنیوەڕۆ بۆ 1ی شەو موەلیدەکان لە ئامادەباشیدا دەبن و کارەدکەن، هەروەها بەیانیانیش لە کاتژمێر 7 بۆ 8ی بەیانی ئەگەر کارەبای نیشتمانی نەبوو کارەدکەن هەروەها لە ڕۆژانی هەینی و پشوو گشتییەکان بەیانیان موەلیدەکان کارناکەن، بەڵام لە کاتژمێر 12ی نیوەڕۆوە پێویستە موەلیدە ئەهلییەکان لە ماوەی10 خولەکدا کاریان پێ بکرێت، بەپێچەوانەوە، سەرپێچیکار ڕووبەڕووی یاسا دەکرێتەوە.



هێڵی گەرم بۆ پەیوەندیکردنی خێرا

هاوکات وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هێڵی گەرمی پەیوەندیکردنی 24 کاتژمێری بۆ هاووڵاتیان ڕادەگەیەنێت، لەکاتی هەستکردن بە هەر حاڵەتێکی گوماناوی بەتایبەتی گەشتیارانی گەڕاوە لە دەرەوەی وڵات هاووڵاتیان دەتوانن لە ڕێگەی ئەم ژمارانەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا پەیوەندی بکەن.

دیوانی وەزارەتی تەندروستی
07508169991
07714448100
هەولێر
07503987429
سلێمانی
07718204444
07718205555
دهۆک
07514025338
07514342938
هەڵەبجە
07501365007
07731915151
0538852656
گەرمیان
07480207442
ڕاپەڕین
07705694040
07501613933
کۆیە
07501202218
07701414633

www.xebat.net
دووشەممە 2020/3/2 ژمارە (5944)

بەپێی خواستی کەسەکان رۆژانە 100 دانە زیاتر دروست دەکات

لەدەبەی ئاو و هاڕاوەی خەڵووز و خوێ و لۆکەی خۆمالّی دەمامک دروست دەکات

وەستا جەبار: هەرچەندێکم کرد بەهۆی قەیرانی کەمی کەمامەوە نەمتوانی بەدەستی بخەم، بۆیە بە نائومێدی گەڕامەوە بۆ دووکان، لێرە بڕیارم دا کە خۆم دروستی بکەم بەو کەلوپەلانەی لەبەردەستم دان

خەبات: سلێمانی

کڕیارێکی کەمامەی دەستکردەی وەستا جەبار، ئاوات جەلال دەڵێت: ئەو کەمامانەی تر تەنکن و ئەگەر بیانشۆیت تێکدەچن، بەڵام ئەمە ئەگەر بیشۆیت تێکناچێت. لاستیتێکی تۆکمەی پێوەیە، گوێچکە ئازار نایەت، بۆیە ئەمەم هەڵبژارد، ئەوانەی تر دەستناکەوێت، چەندین دەستیش دەکات، بەڵام لێرە ئێمە لەبەرچاوی خۆماندا دروست دەکات، زیاتر متمانەمان پێیەتی.



پێویستی باوکی داهێنانەکانە، دەکرێت زۆر جار ئەم دەستەواژەیە بەهەند وەربگیرێت، لەکاتێکدا پێویستی تەنگ بە مرۆڤەکان هەڵدەچنێت، ئیتر مرۆڤ دەبێتە کاراکتەرێک بەردەوام بیر دەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانی.

لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ڤایرۆسی کۆڤید-19 لە ئێران کە نزیکترین ووڵاتە لە عێراقەوە و چەندین دەروازە و خاڵی سنووری تێکەڵیان هەیە، هاوواڵتیان لە عێراق و بەتایبەت لەشارەکانی هەرێم کەوتنە خۆیان بۆ ڕێگاکانی خۆپارێزی لەو ڤایرۆسە. یەکێک لە ڕێگاکان بەپێی گوتەی پسپۆرانی پزیشکی، بەکارهێنانی ماسکی تایبەت بە ڤایرۆسە.

لەهەندێک ناوچە بەکارهێنانی کەمامە خواستێکی زۆری بۆ دروست بووە، ئەمەش وای کردووە کە ڕێژەی خواست لەچاو خستنەڕوودا زیاد بکات، (مامەڵەی عەرز و تەڵەب) نرخەکەی لەهەندێک ناوچەی هەرێمی کوردستان بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی و قەیرانی کەمی کەمامە دروست بوو.

هاوواڵتییەکی پیشەگەر لەسلێمانی دوای ئەوەی کە دەچێتە بازار بۆ بەدەستخستنی دەمامک و کەمامە، لەبەر کەمییەکەی دەستی ناکەوێت، ئەمەش وای لێدەکات کە خۆی بیر بکاتەوە لە دروست کردنی کەمامەیەک بۆخۆپارێزی، بۆ ئەو مەبەستە دەچێتەوە نێو شوێنی کارەکەی لە بازاڕ و بڕیار دەدات کە دەبێت کەمامەیەک دروست بکات.

پاش مشتومڕ لەگەڵ هاوەڵەکانیدا لە بازاڕ و لە نزیک شوێنی کارەکەی، دیزاینێکی نوێ بە بەرهەمی خۆمالّی بۆ دروستکردنی کەمامە ئامادە دەکەن و دەست دەکەن بە جێبەجێ کردنی پلانی دروست کردنەکەی.

جەبار حەسەن ناسراو بە وەستا جەبار تەمەن 35 ساڵ کە لە بازاڕی مسگەران سەرقاڵی دروستکردنی خێمە و چادری سەربازییە، لەڕێی مەکینەی بەرگردوویەکەیەوە ڕۆژانە بڕێوی ژیانی خۆی دابین دەکات،وەستا جەبار تا شەشی سەرەتایی خوێندووە بەڵام لەلایەن هاوپیشەکانیەوە بە وەستا بلیمەتەکە ناسراوە، ئەو کە پێویستی وای لێکردووە بیر لە دروست کردنی ماسکێکی خۆمالّی بکاتەوە بەدەم دروست کردنی کەمامەی خۆمالّییەوە بەو چەشنە باس لە سەرەتای بیرۆکەکە دەکات و دەڵێت: ڕۆژێک هاتمە بازاڕ بۆ ئەوەی کەمامە بکڕم بۆ خۆم و خێزانەکەم، دوو منداڵم هەیە، هەرچەندێکم کرد بەهۆی قەیرانی کەمی کەمامەوە نەمتوانی بەدەستی بخەم، بۆیە بە نائومێدی گەڕامەوە بۆ دووکان، لێرە بڕیارم دا کە خۆم دروستی بکەم بەو کەلوپەلانەی لەبەردەستم دان، کەوتینە گفتوگۆ لەگەڵ هاوڵانی تری گوزەرەکەمان(بازاڕەکە) بڕیارمان دا دیزاینێکی بۆ بکەین، بە شێوەیەک تەندروست بێت.

کەمامەکە چۆن و لە چی دروست دەکرێت..؟

وەستا جەبار ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو بۆ دروستکردنی کەمامەکە چەند ماددەیەکی پێویستە لەوانە قوماشی تایبەت بە فلتەری کارگەکان، دەبەی ئاو، لۆکەی خۆمالّی، خوێی دەریایی(زبر) هاڕاوەی خەڵوز.

دوای ئەوەی کە بەپێی پێوەری جیاجیا قوماشی فلتەری کارگەکان دەبڕێت، پاشان سەری دەبەی ئاوەکە دەبڕێت و لەسەر قوماشەکە جێگیر دەکات و پارچەیەک قوماشی تر دەداتەوە بەسەریدا پێیەوە دەدوڕێت بۆ ئەوەی جێگیر بێت، لەو نێوەندەدات هاڕاوەی خەڵوز و خوێی دەریاییەکە تێکەڵ بە لۆکە خۆمالّییەکە دەکات، دەیکاتە سەری دەبەی ئاوەکەوە، کە شوێنی هەوا گۆڕکێنی بۆ دروست دەکات.

سەری دەبەی ئاوەکە لەو شوێنەی کە دەکرێتەوە بە دەرزیەک کون کون دەکات بۆ هەواگۆڕکی. هەواکە لەو کونانەوە بە فلتەری لۆکە و خوێ و هاڕاوەی خەڵوزەکەدا تێپەڕ دەبن و دواتر بەر قوماشی فلتەری کارگەکان دەکەون پاشان هەوای فلتەر کراو دەچێتە سیستەمی هەناسەدانی بەکارهێنەرەکەیەوە.

ڕۆژانە 100 دانە زیاتر دروست دەکەم بەپێی خواستی کەسەکان

دوای ئەوەی لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وێنەی بڵاو بۆتەوە، خواستێکی زۆر لەسەر کەمامە خۆمالّییەکەی وەستا جەبار دروست بووە، وەک لەزاری خۆیەوە باسی لێوە دەکات، چەندین کەس داوایان کردووە بە 100دانە بۆیان دروست بکات، چونکە ئەو کەمامەکە توانەی شوشتن و بەکارهێنانێکی زۆرتری هەیە.

وەستا جەبار بەدەم کارکردنەوە وەڵامی کڕیاران دەداتەوە، بۆ ئەوەی کەمامەیەکیان بداتێ. نرخەکەی دەگۆڕێت بەپێی تایبەتمەندیەکانی ئەگەر کەمامەکە تێکەڵەی خەڵوز و خوێکەی تێدا نەبێت ئەوا بە دوو هەزار دەیدات، بەڵام ئەگەر تێکەڵەی خەڵوز و خوێیەکەی تێدا بێت ئەوا بە 3هەزار دەیفرۆشێت.

وەستا جەبار باس لەوە دەکات ئەگەر بێت و خواستی زۆر لەسەر بەرهەمەکەی هەبێت، ئەوا ئامادەیە پەرەی پێ بدات و مارکەیەکی خۆی هەبێت بەناوی ''تەندروستیەکی باش ''بە ئینگلیزیەکەی Good Health کە تەنیا ئامانجی ئەوەیە خەڵک بەدوور بن لە نەخۆشی و بەتایبەت ڤایرۆسی کۆرۆنا و دەڵێت، ''ڕێکخراوێک تەلەفۆنی بۆ کردووم کە داوای کردووە 100دانەی بۆ دروست بکەم، بەس بە شێوەی سادە بەبێ سەری دەبەو خەڵووزو خوێیەکە، چونکە لەبازاردا جۆرەکەی تر دەستناکەوێت لە جۆری N95، ئەم 5ئمونەیەم بۆ دروست کردووە تاکو سەیری بکەن و بڕیاری لەسەر بدەن.

وەستا جەبار کە لایەن هاوپیشەکانی هاوسێیەوە پشتگیرییەکی زۆر دەکرێت، باس لەوە دەکات لەسااڵنی 1990دا ئەو کاتەی دەنگۆ هەبوو ڕێژەی بەعسی ڕووخاو کیمیایی بەسەر شاری سلێمانیدا دەڕێژێت، خەڵک بڕوخۆی لە چەندین ماددە کەمامەی دروست کردووە بۆ خۆپارێزی لە ئەگەری بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، چونکە ئەوکات تواناکان هێندە زۆر نەبوون بۆ کۆنترۆڵ کردنی دۆخەکە، بەتایبەت دوای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شاری هەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی 1988دا و دەڵێت: ئەوکاتە منداڵ بووم بیرمە خەڵک خۆی کەمامەی دروست دەکرد، لە خەڵوز بۆ خۆپارێزی، ئێستاش دەتوانین هەمان شت بکەینەوە تاوەکو خۆمان بپارێزین لەو بەڵایەی ئەگەری هەیە ڕوومان تێبکات .''

ئاوات فوئاد، 37 ساڵ کە پیشەی زێڕینگەرو یەکێکە لە کڕیارەکانی کەمامە خۆمالّییەکەی وەستا جەبارە، ئامانجی ئەوەیە خەڵک خۆی بپارێزێت لە دووکانەکەی سەرقاڵی کاسبی کردن و دابین کردنی بژێوی ژیانێتی، بەهۆی کەمی کەمامەوە هاتووەتە لای وەستا جەبار، تاکو خۆپی بپارێزێت لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، تاکو لەو ڕێیەوە منداڵەکانی بەدوور بن لە هەر زیانێک و هەر نەخۆشیەک.

ئەو بەدەم گلەییکردن لە کەمبوونەوەی بازاڕی فرۆشتنی ئاڵتون، ئاماژەی بەوە دەدات کە دوای سەرهەڵدانی قەیرانەکە هیچ جۆرە ئاڵتونێک لە ئێرانەوە ناهێنن تەنیا لە وڵاتانی کەنداوەوە دەیهێنن، بەڵام بازاڕیان کزبووە. بۆیە کەمتر لەگەڵ خەڵکدا مامەڵە دەکەن، بەڵام هەرچۆنێک بێت هەوڵ دەدات کە خۆی بپارێزێت لە تووش بوون بە ڤایرۆسەکە بۆیە کەمامە خۆمالّیەکەی بە باش زانیوە، تاکو بیکڕێت و دەڵێت: ئەو کەمامانەی تر تەنکن و ئەگەر بیانشۆیت تێکدەچن، بەڵام ئەمە ئەگەر بیشۆیت تێکناچێت. لاستیتێکی تۆکمەی پێوەیە، گوێچکە ئازار نایەت، بۆیە ئەمەم هەڵبژارد، ئەوانەی تر دەستناکەوێت، چەندین دەستیش دەکات، بەڵام لێرە ئێمە لەبەرچاوی خۆماندا دروست دەکات، زیاتر متمانەمان پێیەتی.









فریاد ڕەسول*

وەفایەک بۆ ڕێکخراوی دایک

ڕێکخراوی دایک ئەو ڕێکخراوەی بنەمای پێگەیاندنی دەیان کادیر و سەرکردە و ڕۆشنبیری نێو کۆمەڵگەی کوردییەو بە قوتابخانەی پێگەیاندنی کادیران ناسراوە، قوتابخانەیەک دایناەمۆی پێگەیاندنی چەندین ڕۆڵەی کوردستان بوە لە کایەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ... و توانی لە سەردەمی شۆڕشی بزافی ڕزگاریخوازی گەلی کورددا، هاوشانی ڕێکخراوەکانی دیکە ڕۆڵی گەورە ببینێت لە هۆشیارکردنەوەی تاک، ئەم ڕێکخراوە هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە تا ئەمڕۆ بەبێ داپران توانیویەتی ببێتە یەکێک لە دەنگەکانی ناساندنی کورد بە دەرەوە و لەناو ڕێکخراوە گەورەکانی جیهاندا نوێنەرایەتی هەبێت، ئەم ڕێکخراوە پارتی دیموکراتی کوردستان وەک یەکێک لە ڕێکخراوە مەدەنییەکانی دیکە پالپشتی کردوە لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی قوتابیان، تا لەو ڕێگەیەوە قوتابیانیش هاوشانی چین و تۆێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە ڕۆڵی گرنگی خۆیان لە شۆڕش و پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەدا ببین، هەر وەک جەنابی بارزانی نەمر بەگرنگیەوە لە قوتابیانی روانیوەو فەرمویەتی (قوتابیان سەری ڕمن لە گشت شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا). لەمڕۆدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەردەوامە لەو ڕێبازەی هەر لەسەرەتاوە لە پێناویدا دامەزراوە، ئەندام و کادرو خەمخۆرەکانی شەو و ڕۆژ بەبێ گوێدانە بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، ماندونەناسانە کاردەکەن بۆ هێنانەدی خواست و هیواو ئومێدەکانی قوتابیانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستەش لەڕێگەی ئۆرگانەکانیەوە و لە ناو ناوەندەکانی خوێندن لە گشت ئاستەکاندا بەردەوام لە پەیوندیدایە لەگەڵ قوتابیان، بۆ ئەوەی هاوکارو یارمەتیدەریان بێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکانیان،و پێشخستنی مەعریفەیان، هاندان و دەستگیرۆییان بۆ هێنانەدی بیرۆکەکانیان، هاوکات پێشکەشکردنی پرۆژەو پێشنیار بەناوەندە زانستی و ئەکادیمییەکان، نارەندە دەرەوەی قوتابیان بۆ خوێندن لەزانکۆ گەورەکانی جیهان، ئەنجامدانی چالاکی و کۆنفرانسی زانستی و هونەری لە چوارچێوەی پێدانوپستییەکانی قوتابیان، ئەمە سەرەڕای هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ نوێبونەوە و خۆنوێکردنەوە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەسەندندا. ئەوەی جێگەی سەرنج و نیگەرانییە، بەداخەوە لە دوای دروستبونی قەیرانی دارایەی کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتوەتەوە، ڕێکخراوی دایکیش بێ بەشنیە لەو گرفت و کێشە قوڵەی دارای کە ڕوبەڕوی بوەتەوە و بەهۆی خراپی ئاستی ئابوریەوە ناتوانێت وەک پێویست لە گشت ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لەکاتی پێویستدا یارمەتیدەری قوتابیان بێت و چالاکی و کۆنفرانسەکانی لە تەواوی ئۆرگانەکانی جێبەجێ بکات، لەمڕۆدا چەندین قوتابی خاوەن بیرۆکە و بەتوانا هەن و دەیانەوێت لەڕێگەی کۆنفرانس و چالاکی جۆراو جۆرەوە بیرۆکەکانیان بگەیەنن و لەسەر ئاستی واقع جێبەجێی بکەن، بەڵام خراپی ئاستی ئابوری ڕێکخراوەکە ڕێگرە لە هاوکاریکردنی ئەو قوتابیانە بەو هۆیەشەوە زۆرکات بیرۆکەکانی قوتابیان تەنها لە مێشک و سەر پەڕەی کاغەزەکان ماوەتەوە و نەتوانراوە جێبەجێ بکرێت، جێگەی نیگەرانییە ڕێکخراوێک کە شوێنی پێگەیاندنی چەندین سەرکردەو بەرپرس و کەسایەتی سیاسی بااڵی حزبی و حکومی بوە ئەمڕۆ بەم شێوەیە فەرامۆش بکرێت، جێگەی نیگەرانییە ڕێکخراوێک کە دەیان کەسی ناردوەتە دەرەوەی وڵات و لەمڕۆدا لە ناوەندە پزیشکی و ئەکادیمییەکان پۆستی باڵایان هەیە، نەتوانێت دەستگیرۆیی نەوەی نوێی بکات بۆ خزمەتی زیاتری قوتابخانەی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی، ڕێکخراوێک کە هەمیشە بە ئومێدەوە دەڕوانێتە دۆزە ڕەواکانی نەتەوەی کورد، لەمڕۆدا بەهۆی گرفتی داراییەوە وەک پێویست ناتوانێت ئەو چالاکییە سیاسییانە جێبەجێ بکات کە دەبێتە هۆی زیاتر پێشخستنی دۆزی کورد، سەرنج بدەن یەکێتی قوتابیانی کوردستان توانی ڕۆڵی گەورە لە سەرخستنی ڕیفراندۆمە مەزنەکەی پایزی 2017 بگێڕێت و توانی لە ڕێگەی چەندین چالاکی کەسی و جەماوەریی و ئەنجامدانی کەمپینی گەورەوە هانی کۆمەڵگە بدات بۆ بەشداربیکردن لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە جەنابی سەرۆک بارزانی ڕابەرایەتی دەکرد. سەڕەرای ئەو گرفتە گەورە داراییەی بەرۆکی یەکێتی قوتابیانی کوردستان گرتوەتەوە، بەاڵم کادرو ئەندامانی لە گشت ئاستەکاندا لە شەونخونی بەردەوامدان بۆ خزمەتکردنی بە ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، گرنگە ئەوانەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم کانیە ئاویان خواردوەتەوە وەفایان بۆ قوتابخانەکەیان هەبێت، پالپشتی ماددی و مەعنەوی بکەن و لەم قۆناغە سەختە ئابوریەی هەرێمی کوردستاندا پالپشتی ڕێکخراوەکەی دوێنیان بن کە تیایدا پێگەیشتون، گرنگە لەڕوی ماددییەوە زیاتر چاو بە دۆخی دارایی ئەم ڕێکخراوەدا بخشێنرێتەوە و هاوکاری بکەن تا ئەویش بتوانێت خەون و ئومێدی هەزاران قوتابی ئەم هەرێمە بهێنێتەدی و یارمەتی زیاتریان بدات لە گشت بوارەکاندا.

* ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت.

دۆخی ناڕەباری ناوچە جێناکۆکەکان و ئەنجامدانی سەرژمێری



ناسر مەلاحەکیم

گەرانەوەیەک بۆ ساڵانی (2003) پاش ئازادی عێراق، کورد ڕۆڵی سەرەکی هەبوو لە بنیادنانەوەی عێراق و لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد.



بە بڕیاری (حکومەتی عێراق و وەزارەتی پلاندانانی عێراق) بە سەرۆکایەتی بەڕێز (عادل عەبدولمەهدی) سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکاتی عێراق لە (2019/8/3) بڕیاری ئەنجامدانی سەرژمێری دراکە لە سەرەتای ساڵی (2020)دە لە تەواوی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ئەنجام بدرێ، بەاڵم لەبەر ناسەقامگیری باری ئەمنی ئەم پرۆسەیە بۆ چوار مانگی کۆتایی ساڵی (2020) درێژکرایەوە.

ئەمە لە کاتێکدا کە (23)ساڵ بە سەر ئەنجام نەدانی سەرژمێری ساڵی(1997)دە تێپەڕ دەبێت!! کە ئەوکات ژمارەی دانیشتوانی عێراق لە (19) نۆزدە ملیۆن کەس تێنەدەپەڕی، ئێستاش ئەنجامدانی سەرژمێری دەگەرێتەوە بۆ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتوان کە خۆی لە (38) سی و هەشت ملیۆن کەس ئەدات، هۆکاری ئەنجام نەدانی سەرژمێری لە عێراقدا لە (2003)وە تاکو ئێستا دەگەڕێتەوە بۆ ناسەقامگیری باری ئەمنی ئەو ناوچانەی کە دەکەوێتە سنووری ماددەی (140)دە و بە تایبەتیش سەرهەڵدانی شەری داعش هۆکارێکی تر بوو بۆ دواکەوتنی سەرژمێری، لەلایەکی تریشەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی عێراق لە دەستووردا لە سەر ناوچە جێناکۆکەکان و چارەسەری کێشەی کەرکووک لە سەر ئەم خاڵانە ڕێککەوتوون: یەکەم: گەڕاندنەوەی عەرەبە هاوردەکراوەکان، دووەم: ئەنجامدانی سەرژمێری هاووڵاتیان، سێیەم: چارەسەرکردن و دیاریکردنی چارەنووسی خێزان. جێگای ئاماژە پێکردنە کە ئەم خاڵانە تاوەکو ئێستاش لە نێوان بەغداد و هەولێر نەکەوتوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە .

بارودۆخی ناوچە جێناکۆکەکان لە ساڵی (2014)دە هەرلە دەسپێکی شەری داعشەوە تا خیانەتەکەی (16)ی ئۆکتۆبەر بەرەو ناخۆشی دەچێت و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دیۆگرافیای ئەو تەواوی گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. لە ڕاستیدا حکومەتی عێراق دەیەوێت ئەم سەرژمێرییە لەو ناچانەدا بکاتە دیاریکردنی سنووری ماددەی (140) بۆ سنووری حکومەتی ناوەندی! هەرچەندە دوو کەس لە لیژنەی باڵای سەرژمێرییەکەدا کوردن و یەکێکیان سەرۆکی لیژنەی سەرژمێری هەرێمە، بەاڵم دەبێت سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوپەڕی پێداگری بکەن لە سەر جێبەجێکردنی ماددەی (140) کە لە دەستووری عێراقدا جێگیر کراوە. هەرچەندە (نەتەوە یەکگرتووەکانیش) لە سەر ئەنجامدانی سەرژمێری لە عێراقدا ڕەزامەندی و هاوکاری تەواوی خۆیان دەربڕیوە و لەسەر زاری "عواد کازم" کە (سەرۆکی ئامێری سەرژمێری)یە لە (وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق)ی و "عدنان رجا" کە بەڕێوەبەری سەرژمێرییە لە کەرکووک، هەردووکیان جەختی لە ئەنجامدانی سەرژمێری دەکەنەوە کە دەبێت ئەنجام بدرێت. لێرەدا بە پێی لێدوانی بەرپرسان، دەردەکەوێت کە دەبێت سەرژمێری بکرێت و لە هەمان کاتیشدا ئەوە ڕوونەدەکەنەوە کە ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزی و نائارامی لەو ناوچانەی کە ماددەی (140) دەیانگرێتەوە. ماوەیەکە نوێنەرانی حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی "مهدی العلاق" کە ڕاوێژکاری "محمد تۆفیق علاوی"یە لەگەڵ وەزیری پلاندانان، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی سەرژمێری کە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش پێداگری لەوە کردووە، کە دەبێت چارەسەرێکی گونجاو و یەکجاری لەم بارەیەوە بۆ ئەو ناوچە جێناکۆکانە بدۆزنەوە.

خەیاڵیی بۆ زامن کردنی دەنگی ئەو دەنگدەرانەی ئامادەن ئایین و ویژدانیان بەکەسی کاندیدکراو بفرۆشن.

شەشەم: بیرۆکەی (دژ بەیەکیی قسەو کردار) واتا ئەوەی دەتەوێت بە خەڵک بڵێی، درۆ لەگەڵ ملیۆنەها ئەو خانەوادە هەژارانە بکە کە ئەو پەڕی پێویستیان بە یارمەتی هەیە، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بیرو مەبدەئەکەشت نەگونجێت.


حەوتەم: بیرۆکەی سەپاندنی کلتووری(گۆچان بۆ کەسانی نەیار هەڵبڕە) ئاکامی باشی لێدەکەوێتەوە بەتایبەتی ئەگەر گۆچانەکە بزماری تیابێت خوێن لە جەستەی خەڵک داچۆڕێنیت، بەبێ ئەوەی لە هۆکارەکەی ورد بێتەوە بزانێت هۆکار چییە هاووڵاتی دژایەتی دەسەاڵتەکەی دەکات.

هەشتەم: بیرۆکەی (مەبەست بیانووە بۆ بەکارهێنانی ئامرازەکە) لێرەدا گرنگ ئەوەیە بە ویست و مەبەستەکی بگات جا ئەگەر لە ڕێگای بەکارهێنانی هەر هۆکارو ئامرازێکی نایاسایی و نا مرۆڤانەو بەدەرەوشتی بێت

ئەمانە هەندێ بیرۆکەی نزیکە لە فایرۆسی (کورونای جەستە) کە ئێستا لە هەندێ وڵات بااڵوبۆتەوە خەڵک دەکوژێت، بەاڵم سوپاس بۆخوا ئەگەر مەبەست بێت و ڕاستگۆ بیت ئەوا چارەسەری تەواو و بنبڕ بۆ فایرۆسی (کورونای مێشک) هەیە.

و: خالید گەردی

کورونای مێشک یا کورونای جەستە!



ماجد دەباغ

هەندێ بیرۆکەی کوشندە هەن چەشنی فایروسی کورونا خاوەنەکەی لەناو دەبات، ئەم جۆرە بیرۆکە بکوژانە هەر کە لە نێوی مێشکی مرۆڤ بااڵوبۆوە ئیتر دەست دەکات بە کوشتنی هەموو خانەکانی و ئاکامەکەشی ڕوونە، بەدڵنیاییەوە بە مردنی تەواو دەبێت. لێرەدا هەندێ بیرۆکەی خراپ وەک نموونە دەهێنمەوە کە پەیوەندی بە بیرۆکەی خاپوورکەردوە هەیە دەبێتە هۆکاری کوشتنی خەڵک و کۆمەڵگا.

یەکەم: بیرۆکەی (من و بەس، دوای من با تۆفان بێت) بیرۆکەیەکەی لەمجۆرە بە واتای دەربڕینی بێ باکییە لە ئاکامەکان، گرنگ مانەوەی فەرمانڕەوایە بە سەاڵمەتی، ئیتر بەاڵیەوە گرنگ نییە کێ دەمرێت و کێش لەسەر الشەی پارچە پارچەکراوی گەلەکەی بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

دووەم: بیرۆکەی ڕووداوی کارەسات و مەینەتی و بااڵبوونەوەی پەتا لە عەرشی من دووەرە، کەواتە پێویست ناکات مێشکی خۆمی پێ سەرقاڵ بکەم، بەڕاستی بیرۆکەیەکی کورتبینانەیە، چونکە ڕەنگە لە هەر چرکە ساتێکدا بگاتە نێو ماڵەکەت خۆت و و داروودەستەکەشت لە ناو بەبات.

سێیەم: بیرۆکەی (هاوپەیمانی لەگەڵ شەیتان دەبەستم، تا لە پێناو بەرژەوەندی وڵات هاوکاریم بکات)، بەڕاستی بیرۆکەیەکی گەمژانەیە، چونکە شەیتان هەمیشە ستەمکارو فێڵبازە بە هیچ شێوەیەک ناتوانی بۆ کاریکی خێر هاوکاریت بکات، هەر هاوکاریی یا هاوپەیمانییەتێک لەگەڵ شەیتان، تەنیا پیالنگێڕی لە پێناو شەڕو کوشتن و وێرانکاری لێدەکەوێتەوە.

چوارەم: الگیریکردن لە الیەنی سەرکەوتوو بە چاوپۆشین لە پێوەری ڕەفتارو ئەو ڕێگایەی ئەو کەسە گرتوویەتیبە بەر بۆ گەیشتن بە کورسی دەسەاڵت.

پێنجەم: بیرۆکەی کڕینی ویژدانی خەڵک بە پارەی سیاسی تا دەستی بەدەسەاڵت بگات و ببێتە خاوەن و کەسایەتیی جا بەهەر نرخێک بێت، یا پێدانی بەڵێنی درۆو

شوکر محەمەد هەرکی/ پاسرمە



دیپلوماسییەت وەک یەکێک لەکایەکانی حکومەتێکی بەهێز

کوردستان ڕۆژبەڕۆژ ڕوە و سەرکەوتن و سەقامگیری پەل دەهاوێژێت، کە لەسایەی سیاساتێکی ژیرانە و عەقڵمەندانەی تێکڕای سەرکردایەتیی سیاسی کوردستان سەرچاوەی گرتووە، وەک ستراتیجیەتێک و بەدەنگەوەچوونی خواستی جەماوەری کوردستان. هەنگاونانی پێ بە پێ لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیی خەڵکی کوردستاندا بەهەموو چین و پێکهاتەکانییەوە، بەرەو کەناری ئارام لەسەقامگیریی گشتی لەهەمبەر هەلومەرج و بارۆدۆخی ناوچەکەدا پێبدا تێدەپەڕێت، کە ئاستی گرژییەکان سەرەو لێوار و دارمانن، بەپێی هەموو خوێندنەوەکان سەلێنەرێکی بەدیهاتووە، ئەوەتا گرژی و ئاڵۆزی بەرۆکی زۆربەی وڵاتان و دەڤەرەکەی گرتووە، واقعی ڕووداوەکانی ڕۆژ بربار لە هەڵکشان و داکشان ئەدەن، لەمەر پرسگەلێکی هەنووکەیی و ستراتیژیدا، بەتایبەت دۆخە نەخوازراوەکان بەرۆکی ڕۆژهەاڵتی ناڤینی گرتووە، دەربازبوون لێیان ئەستەم دێتە بەرچاو! لەمەر نەهامەتی و فاکتەکاندا لەگۆڕەپانی سیاسیدا بوون و هەژموونیان هەیە و بەرجەستەن، بۆیە خاوەن پێناسە هەژموونی و هەرێمایەتییەکان ڕۆڵی زۆران بازی و یەکالکەرەوە لەدەستی ئەواندایە، لە سەقامگیریی گشتی و قوڵبوونەوەی ناکۆکییەکاندا.

کوردستان و (جێبەجێکارانی کوردستان)، هەم سیاسەتی گشتیی سەرکردایەتی کوردستان و هەردوو بەرێزان لەسەرۆکایەتی هەرێم (ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی)و بەڕێز (کاک مەسرور بارزانی) لەسەرۆکایەتیی حکومەتدا، دوو ئەکتەری سەرەکی ڕۆلگێڕن لەم سەقامگیری و پێشڤەچوونە دیپلۆماسییانەدا، بەتایبەت لە دوو کۆربەند و کۆنفراسە گرنگەی (داڤۆس و میونشن)دا، تایبەت تر لە کۆنگرەی میونشن لەهەمبەر پرسی ئاسایش و لێکەوتە و دەرەنجامەکانی لەسەرئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتیدا ڕووە و ڕووداوی گەرماوگەرم پەرەدەستێن، گفتگۆ و دیالۆگ ڕێگاچارەی گرێ کوێرەکان دەکەنەوە و بەکارهێنانی ئاستە دیپلوماسییەکان هەنگاوەکان نزیکتر و ئەرێنیتر دەبن لە تەک دیبەیت و دانیشتەکاندا، بۆیە دیپلۆماسی هەردوو بەرێزان وەک نوێنەری گەلی کوردستان کەپشکدارو ڕۆل گێڕن ، بەبەرزدەهێنە نرخاندن ، هەم لەڕای گشتی کوردستان و وڵاتە زلهێز و هەرێماتییەکاندا، ئەوەتا لە داڤۆس ئاست و پێگەی دیپلۆماسی کورد بەسەرۆکایەتیی ڕێزدار سەرۆکی هەرێم چووە قاڵب و فۆرمێکی نوێوە کە وا بەهەند وەرگیرا لەئاست دەوڵەتێکی خودان شوناسنامەدا.

بۆیە هەم جێگای شانازییە و هەم خوێندنەوەی زۆری بۆ دەکرێت چ لەئاستی نێودەوڵەتیدا چ لەئاستی نیوخۆشماندا ببێتە وەرچەرخانێک بۆئەوەی هەرچی زیاتر پایەکانی ئەم حکومەتە بەهێزە بەرەو سەرکەوتن و ئومێدواری زیاتر ببەن، لەپێناو هاووڵاتی و تەواوی گەلی کوردستاندا.

لەلایەکی دیکەوە بەشداری بەڕێز سەرۆکی حکومەتە لە کۆنفراسی میونشندا، دانپێدانانێکی تەواوە لەئاستی دیپلۆماسییەت و پێگە و سەنگی کوردستان لە پشکداری و نواندنی ڕۆڵ بینین، لە دانیشتن و گفتگۆیەکان و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ وەزیرانی ئەمریکا و ڕوسیا و ئەڵمانیا و بولغاریا و ئێران و عێراق و زۆر لەوڵاتانی تر بەسەرۆکایەتی ڕاستەوخۆی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو ئەم چاوپێکەوتن و دیدارانە مایەی خۆشحاڵین و چاوەڕوانی هەنگاوی باشتریان لێ دەکرێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، کەکوردستان خاوەن قەزیە و تایبەتمەندی و جیۆپۆڵەتیک و وزەی تایبەت بەخۆیەتی، ئەمانەش دەچنە چوارچێوەی حیساب بۆکردن، ڕەقەمێکی دیار و ڕوونن لە چاوی دەوڵەتانی ناوچەکە بەگشتی و زلهێزەکان بەتایبەتی، بۆیە ململانێکان دیارن، ئەوەتا لە عێراق، سوریا ، لوبنان، لیبیا و تورکیا ، گەمارۆکانی سەر ئێران لەلایەکیترەوە، جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، کوردستان وەک تاکە ناوچەی ئارام و خاوەن پێگە لە ئاشتی و بنەماکانی دیموکراسی و پێکەوەژیان، جیاوازتر و سەقام گیرتر دەبینرێت، ئەوەتا ڕۆژبەڕۆژ لەبواری دیپلۆماسیدا لەبەهێزیدان و ڕۆژبەڕۆژ لەپەرەسەندن و هەنگاوی ئەرێنیدان، لەپێناو سەقامگیری گشتیی جیهانی و سەقام گیری و بەهێزی کوردستاندا.



کەسایەتی سیاسی محەمەد عەزیز:
ئیدریس بارزانی چیایەکی بەرزی بەبیر و باوەڕ و نموونەی ڕەوشت بەرزی بوو

زانیار سەردار قرگەیی/سلێمانی

محەمەد عەزیز، ناسراو بە (خاڵە حەمە)، کەسایەتییەکی سیاسی و تێکۆشەری کورد و لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول تا نسکۆی شۆڕش، بەرپرسی بارەگای بارزانی بووە و نزیک بووە لە بارزانیی نەمر و ئاگاداری کار و باری سیاسی و سەربازی و ئیداریی سەرۆک بارزانی و بەڕێزان ئیدریس بارزانی و سەرۆک مەسعوود بارزانی بووە. بۆ زیندوو کردنەوەی یادەوەری ئیدریس بارزانیدا لە چاوپێکەوتنێکدا (خاڵە حەمە) کورتەیەک لە میژووی شۆڕشگێڕی مامۆستای نەمر بۆ دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا لە هەڵوێست و ئاکار و کاریزمایی ئیدریس بارزانی دوا و شرۆڤەی خەبات و تێکۆشانی ئەو شۆڕشگێڕەمان بۆ دەکات، بەر لە هاتنەدنیایەوە هەتا قۆناغی میردمنداڵی و لاوێتی و بەشداری لە شۆڕشدا کە چۆن لە ڕۆژگارەسەختەکانی گەلی کورددا ڕۆڵی گرنگ و کارا و بەرچاوی گێڕاوە و چۆن هزر و بۆچوونەکانی کاریگەرییەکی ئەوتۆی کردۆتە سەر بزاڤی رزگاریخوازیی کورد و چۆن شۆڕشگێڕان گەلەکەمان لێی سوودمەندبووە و بەو سیاسەتە حەکیمانەیەی گۆڕانکاری سەرکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوە. هەروەها باس لە کاردانەوەی کۆچی دوایشی دەکات لەو ساتەوەختەدا.

سەرەتا لە (خاڵە حەمە)مان پرسی:

***بەو مەبەستەی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول بەرپرسی بارەگای بارزانی بووید، تێکەڵاوییەکی تەواوت لەگەڵ بنەماڵەی بارزانیدا هەبووە، چ زانیاریەکت سەبارەت بە خانەوادەی بارزانی و بەتایبەتی ئیدریس بارزانی هەیە؟ ئەوەندەی زانیێتت قۆناغی ژیانی چۆن بەڕا کردووە؟**

– لە سەرەتای چەندین جارەی ڕاپەڕینی گەلی کورد و لە سەردەمی دەستدرێژی هێزی ئاسمانی و زەمینی ئیمپریالیزمی ئینگلیز و ڕژێمی عێراق بۆ سەر ناوچەی بارزان، لە پایزی ساڵی 1943یەوە زدان ئیدریسی بەخشی بە حەپسەخانی دایکی و مستەفا بارزانی باوکی، لەنێو کوێرە گوند و وێرانەی ماڵەباوانی مەلاشۆی هەڵهێنرایەوە و مەمکی دایکی لە زارنرا، دوو ساڵی تەواو دایکی دڵسۆز و میهرەبانی بن بەرد و ئەشکەوت و پەناگای پێ کردبوو، بە دڵی پڕ ترس و هیواوە هانای بۆ یەزدان و پیر و پیاوچاکان دەبرد تا ئیدریسی لە چەکی کوشندەی داگیرکەران و لە سەرما و گەرما و نەخۆشی، بۆ بپارێزێت، ئەو کۆرپە بەستەزمانە واتە (ئیدریس) بەباشی سەرێ نەکەوتبوو بەهۆی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی بارزانەوە، لە کوێرە گوندی ماڵی باوانی وەدەرنرا بووە هاوەڵانی کاروانی هەزارەها ژن و منداڵی دەربەدەری کورد، هەرلەوساوە لەگەڵ دەنگی بۆمب و تۆپ و چیا و ئەشکەوت و سەختیدا ئاشنایی پەیداکرد، پاش بڕینی دەها گرد و کێو و دۆڵ بەدەم داکۆکی و پاشەکشێوە سەرئەنجام کاروانی دەربەدەران لە کۆتایی ئۆکتۆبەری 1945ئاوارەی کوردستانی بەردەستی عەجەمان بوون کە ئەو سەردەمە بەشێکی بەهۆی جەنگی جیهانیەوە کەوتبووە قەڵەم ڕەوی دەوڵەتی شوورەوییەوە.

*** ڕۆشتنیان بۆ کۆماری کوردستان چۆن بوو؟**

– کاتێک بڕیاری بەشداریکردنیان دا لەو کۆمارە و ڕۆیشتن، ئیتر شاری مەهاباد بووە هەواری مامە بابی ئیدریس، بەڵام ئەم بارەش دڕێژی زۆر نەکێشا پاش ساڵێک و پێنج مانگ ئیدریس و منداڵانی تری ئاوارە لە سۆز و میهرەبانی کەسە مەهابادیەکان و هەموو کوردی ئەو مەرز و بوومە بێبەش کران، جەنگ براوەکان نیشتمانی گەلانی دۆڕاو و کەم دەستیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد و بەرژەوەندیەکانیان دابین کرد، کورد و کۆماری کوردستان بەچارەنووسی نادیار و دڕندانە سپاردن! لەشکری عەجەم پەلاماری کوردی ئاوارە و برسی و نەخۆشیان دا کە زۆربەیان ژن و منداڵ و پەککەوتە بوون، ئیدریس و منداڵانی تر لەجێی سۆز و بەزەیی و بەسەرکردنەوە، سەرما و برسێتی و نەخۆشی لەئامێزی گرتن بۆمباران و تۆپبارانیش سەربارنبوون، جەنگی داکۆکی و پاشەکشێ دووبارە خۆی سەپاند، شێخ ئەحمەد و بارزانی گەلێکیان هەوڵ دا دەوڵەتی تاران لێیان گەڕێن تا بەهار تواندنەوەی بەفر، ئەوسا خۆیان سنووری دەوڵەتی ئێران جێ دەهێڵن، بەڵام سوودی نەبوو، سەرئەنجام بە ناچاری بڕیاری گەڕانەوەیان دا بۆ بن دەستی دەوڵەتی عێراق، لە مانگی نیسانی 1947جگە لە بارزانی و پێنج سەد لاوی کورد ئەوانی تر خۆیان خستە بەختی بێ ویژدانانی دەوڵەتی بەغداوە.

*** لەوکاتەدا چارنووسی ئەو خەڵکە بە چی گەیشت و ئیدریس بارزانی چی بەسەرهات؟**

– شێخ ئەحمەد و بەشێک لەو خەڵکەی لەگەڵیان بوون و خانەوادەی خۆشیان بە ئیدریسیشەوە و گەلێکیان گەڕانەوە عێراق، پاشان ئیدریس لەگەڵ هەزارەها ژن و منداڵی بێچارەی تر لە دەشتی دیانە چادریان بۆ هەڵدرا و دەوریان تەل دڕکرا و پاسەوانیان لەسەردانان، مام و برا و ئامۆزا و خزمەکان و هەرچی بەکاربوون هەر لە ئوردوگای باپشتیانەوە لێیان جودا کردبوونەوە و بە بەندی بەرەو بەغدا ڕایانگوێزابوون و پاشانیش درابوون بەدادگا و هەندەکیان بڕیاری مەرگیان بۆ دەرچوو و ئەوانی تریش لە 3 ساڵەوە تا 20بیست ساڵ بەسەر بەندیخانەکانی خواروو عێراقدا دابەشکرابوون، ئیدریس و ژن و منداڵانی تریان لە دیانەوە سەرەو خوار کردەوە دەست بەسەران ئازادکران و هەموو بەیەک شاد بوونەوە.

*** سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول چۆن بوو، ئەی ڕۆڵی ئیدریس بارزانی و بەشداریکردنی لەو شۆڕشدا کەی بوو؟ چۆن بوو؟**

– ئەوە بەهۆی سیاسەتی چەوتی ڕژێمەوە بوو بەرامبەر گەلی کورد و بەکەم سەیرکردنی دۆزمنەکانی خۆی لەلایەنە سیاسیە عەرەبیەکان، کەوتنە ژێر تاوی ئامۆژگاری ئەو نەیارانەوە، پەیوەندی نێوان گەلی کورد و ڕژێم کەوتە تێکچوون، کۆششی دڵسۆزانەی سیاسەتمەدارانی تەقلیدی کوردی تا پێشکەوتنی قاسمیش لە جەنگی داکۆکی و پاشەکشێ دووبارە خۆی سەپاند، شێخ ئەحمەد و بارزانی گەلێکیان هەوڵ دا دەوڵەتی تاران لێیان گەڕێن تا بەهار تواندنەوەی بەفر، ئەوسا خۆیان سنووری دەوڵەتی ئێران جێ دەهێڵن، بەڵام سوودی نەبوو، سەرئەنجام بە ناچاری بڕیاری گەڕانەوەیان دا بۆ بن دەستی دەوڵەتی عێراق، لە مانگی نیسانی 1947جگە لە بارزانی و پێنج سەد لاوی کورد ئەوانی تر خۆیان خستە بەختی بێ ویژدانانی دەوڵەتی بەغداوە.

*** لەوکاتەدا چارنووسی ئەو خەڵکە بە چی گەیشت و ئیدریس بارزانی چی بەسەرهات؟**

– شێخ ئەحمەد و بەشێک لەو خەڵکەی لەگەڵیان بوون و خانەوادەی خۆشیان بە ئیدریسیشەوە و گەلێکیان گەڕانەوە عێراق، پاشان ئیدریس لەگەڵ هەزارەها ژن و منداڵی بێچارەی تر لە دەشتی دیانە چادریان بۆ هەڵدرا و دەوریان تەل دڕکرا و پاسەوانیان لەسەردانان، مام و برا و ئامۆزا و خزمەکان و هەرچی بەکاربوون هەر لە ئوردوگای باپشتیانەوە لێیان جودا کردبوونەوە و بە بەندی بەرەو بەغدا ڕایانگوێزابوون و پاشانیش درابوون بەدادگا و هەندەکیان بڕیاری مەرگیان بۆ دەرچوو و ئەوانی تریش لە 3 ساڵەوە تا 20بیست ساڵ بەسەر بەندیخانەکانی خواروو عێراقدا دابەشکرابوون، ئیدریس و ژن و منداڵانی تریان لە دیانەوە سەرەو خوار کردەوە



پەیامنێری خەبات لەگەڵ بەڕێز محەمەد عەزیز، ناسراو بە (خاڵە حەمە)

ژیانی ئاوارەیی و دەستبەسەری و دوور لە کوردستان و بێ ئاگا لە چارەنووسی باب و بێ هیوا لە نازادبوونی براو مام و ئامۆزا و کەسەکانی تری لە عەرەبستانی عێراقی بەسەری برد.

پاش شۆڕشی 14ی تەموزی 1958یێ ناسی نیشتمانی بە شۆڕشی 1945-1943ی بارزان درا، بەو هۆیەوە هەموو بارزانییەکان و ئەفسەرەکان و هەرکەس هاوبەشی شۆڕشی کردبوو ماف و نازادیان پێدانەوە، ئاوارەکانی لە شورەوی بوون گەڕانەوە، بەند و بارزان لە ژێر سایەی شێخ ئەحمەدی مامی گوزەراند، لەوماوەیەدا گەلێک شارەزایی سەبارەت بەکێشەی کورد و هۆی دەربەدەری خۆی و کەسوکاری و شۆڕشی ئەیلوول پەیداکرد، بەهۆی وتووێژ و جەنگ وەستانی 1964وە ئەو هەلەی بۆ ڕەخسا کە بچێتە خزمەت باوکی لە ناوچەی ڕانیە و بووە پێشمەرگە.

بارزانی باوک بە پەیڕەویکردن لە داب و نەریتی کوردەواری و لەبەر ڕۆشنایی ئاگایی خۆی سەبارەت بە ئارەزوویستی کوڕەکانی و بۆ مسۆگەر کردنی پشتیوانیەکیش لە دواڕۆژدا لەنێو کۆمەڵگە بچووکەکەی خۆیاندا کەوتە بیرکردنەوە و نەخشە کێشانی ژن هێنان بۆ ئیدریس و مەسعوود، نەخشەی بارزانی بەتەواوی لەگەڵ ئارەزووی ئەوسای ئیدریس هاوتابوو، بەڵام کاروبار وا نەڕێشت کە هەردووکیان چاوەنواڕیان دەکرد! سەرئەنجام کێڕێکی خائمیان لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شاری سلێمانی بۆ خواست.

*** ئەو دەمەی بووە پێشمەرگە چ ڕۆڵێکی هەبوو، سەرەتا چۆن فێری ئەرکی پێشمەرگایەتی بوو؟ ئەی تا چەند بووە پشتیوان و هاوکار بۆ بارزانی باوک؟**

– وەک پێشتر گوتم: ئیدریس لە پایزی 1964بووە پێشمەرگە و کەوتە هاوکاری کردن لە شۆڕشدا لەگەڵ مەسعوود بارزانی برایدا، هونەری مامەڵەکردنی دەوروبەر و ڕەوشی پێشوازی و بەڕێکردن و گوێگرتن و خۆلادان لەگێچەڵ و گیروگرفتی لاوەکی و پشوو درێژی و وردبەرنەدان و بڕوا بەخۆبوون و گەل، لەسەردەستی باوکیدا فێربوو، بەناسینی هەزارەها لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستانی مەزن، گوێگرتن لە ڕا و خواست و باسی کێشەکانیان، هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگا و هۆ بۆ چارەسەرکردنیان، کردیە پسپۆڕێکی کەم وێنە، پێکەوە لەگەڵ مەسعوود ببوونە یارمەتی دەرێکی گەورە بۆ بارزانی، لە دوای ساڵی 1967وە بوونە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و تەنانەت خودی بەهەشتی بارزانی ڕاوێژی پێ دەکردن، بارەگایەکی پێشمەنگی بۆ ساز کردبوون ڕۆژانە سەدەها کورد ڕوویان تێ دەکرد، هەمیشە سەربازی مل کەچی باوک و فەرماندەی خۆیان بوون، هەرکارێکیان کردبێ بە ئاگاداری و فەرمان و ڕەزامەندی بارزانی بووە.

لەگەڵ ئەو ڕاستیانەش گەلێ شت لە دەوروبەری ئیدریس ڕوویداوە نەبەدڵی بووە و نەدەسەڵاتی بەرگری هەبووە، زیندووە بەویژدانەکانی لە ئیدریس نێزیک بوون ئەگەر بێ ئەمەکی نەکەن زۆر چاک ئەو ڕاستەیە دەزانن.

کە شۆڕش دووچاری نسکۆ هات هەندێ کورت بین و نەزانان لە ژێر تاوی دنەکردنی هەندێ نەیاران بەنارەوا ئیدریسیان دایە بەر و خۆشیان دەیانزانی کە بارزانی بە تەنهایی و لە ژێر کاریگەری بارودۆخێکی دژ بە بەرژەوەندی گەلی کورد ناچاری بڕیاردانی ڕاوەستانی شۆڕشی دا، ئەوە دۆخی باس و لێکۆڵینەوەیەکی تێرو تەسەلی گەرەکە، بەڵام هەندا دڵڕەشیش لەوانی بێگانە بە فەرهەنگ و داب و نەریتی کوردەواریی بە ئاگایی گەلەک کۆششیان کرد بۆ بەدناوکردنی ئیدریس، بەڵام پاکی و چاکی و زیرەکی و لێزانی و پشوو درێژی ئیدریس هەموو نەخشەکانیانی لە ئاوکرد و لای کەسانی بەئاگا تەنێ سووکایەتیان پێ برا.

*** تا چەند ئیدریس بارزانی لە خۆبردوو بوو؟ دڵفراوان بوو، شاکارەکانی چی بوون؟**

– هەندێک لەوانەی ئیدریسیان دەناسی، بیروڕای خۆیان دوای کۆچ کردنی بەم جۆرە دەربڕیوە: تا گیانی پاکی لە لەش دا بوو لە سنووری توانا بەولاوە و لەنێو چوارچێوەیەکی تەنگ و فرە فشار بە دڵسۆزانە خزمەتی گەلی کوردی دەکرد، شاکارە تایبەتمەندیە بێ سنوورەکانی لەو هەموو دڵفراوانیەدا بەدەرکەوت کە بێ گوێدانە ڕووی تەمەن، بۆ پاراستنی سیمای شکۆداری بارزانی بەڕێبەری برا بچووکی خۆی قایل بوو، مەزنترین شانازیش کە لە دووی خۆی بەجێی هێشت مۆرکردنی پەیمانی برایەتی و گۆڕکردنی جەنگی براکوژی نێوان پارتی و یەکێتی بوو، هەزار مەخابن لەوکاتە ناسکەدا کە زۆر پێویست بوو بەجێی هێشتین.

*** سەبارەت بە کۆچی دواییەکەی هەستت چۆن بوو؟**

– هەموو کات گوتوومە ئیدریس چیایەکی بەرزبوو لە بیروباوەڕ و ئەخلاق، من بەدڵ متمانەم دەکرد لەجیاتی ئەوبام و قوربانی ئەوبام، بەڵام لەگەڵ ئیرادەی خوا هیچ ناکرێت و بەڵێنم هەرئەوەیە کە تامردن لەسەر ڕێبازی بارزانی و ئیدریس لە خەباتدابم بۆ خزمەتی گەلی کورد.

بەڕاستی چوونی کاک ئیدریس پشتی ئێمەی شکاند، کاک ئیدریس جێگای باوکی پڕ کرد بۆوە، وا دیارە ئێمە لایەق و موستەحەقی ئەونەبووین، گومانی تێدانیە پڕکردنی جێگای وا بەئاسانی نابێت، ئەو هەمیشە مەزڵوم و مەغدوور بوو لەدەستی ئێمە، بەڕاستی زوڵممان لێ کرد، ئارەزووی ئەوەبوو هەمووman یەک بگرین و بە یەکێتی و برایەتی هەوڵ بدەین، بەداخەوە ئارەزووەکانی بردە ژێر خاک.

*** دواجار کە ئیدریس بارزانیت بینیت کەی بوو؟**

– ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنەوەی چاوم پێی کەوت، زۆر بە کەیف بوو، کاتژمێر چواری بەیانی وەڕێکەوتبوو بەرەو ورمێ لەوێوە چوو بووە "سلێمان" پاش نێزدیکی دووکاتژمێر کۆچی دوایی کردبوو، بەڕاستی مەرگی وا کتوپڕی کاک ئیدریس هەموو کورێکی تووشی شۆک کرد، بۆ ئەو هەموو پەنابەرانە پەنا و هانایەکی گەورەبوو، ئەوبەدبەختانە وەک مەڕی بێ شوانیان بەسەر هات، زۆر ڕووخۆش و دڵفراوان و بەکاربوو.

بەداخەوە میژووی ژیانی هەرکوردێک پڕ لە هەناسە ساردی و شەکەتی و مەینەتی و کوێرەوەری بووە، زۆرکەمن ئەوانەی بە تاکە ئارەزوویەکیان گەیشتبێ، هەڕەشە و داپڵۆسین و ڕاونان، ئەشکەنجە و بەندی هەمیشە سێبەری گرانی ژیانی گەلی کەساسی ئێمە بوون، هەزارەهامان لەسەردەستی داگیرکەران و بەکرێگیراوان گیانمان لەتەن دزراوە، دەها هەزارمان ناچاری ڕەوکردن و دەربەدەری و پەپەدەی وڵاتانی تر کراین و تامردن هەر بە هومێد بووین بەدیداری گەل و نیشتمان و دۆست و کەسەکانمان شادبینەوە، هەندێک لە ناهومێدی دا هەموو تکایان هاتبووە سەرئەوە کە پاش مردن تەنیا بێ گیانیان بگەیێنرێتەوە کوردستان و دووگەز زەوی نیشتمانیان پێ ڕەوابببێنرێ.

ئەوانەی لەدەستمان داون نایەنە ژمار زۆربەی زۆریان وەک سەربازی بێتاو ناسا خەم و پەژارەی لەدەست دانیان لەجغزی خێزان و کەسوکاریان تێ نەپەڕیوە، هی واشیان تێدابووە وەک ئەستێرەی گەش دەرەوشاونەتەوە و لەدەستدانیان یا لە مەیدان دەرچوونیان بەنا ئەرێنی لەسەر بەشێکی کۆمەڵگە ڕەنگی داوەتەوە، ژمارەیەک لەوانە هەرچەند کەڵەپیاو و هەڵکەوت و پسپۆڕی ڕێکخستن و ئیدارە و زمان زانینی گەل و یا سوارچاکی مەیدانی دەست و تفەنگ و هەڵمەت و گوریێزبوون دەڵێ لە زەریای بێ بنی سیاسەتدا پێش بەناکام گەیشتن لە پەلوپۆ کەوتوون!

*** پێتوایە ئیدریس بارزانی لە بواری نووسیندا مافی خۆی پێدراوە؟**

– بەڵای منەوە ئیدریس دەبێ گەلێ چێتر و تیێروتەسەل تری لەسەری بنووسرێ، نووسینێک کە هەموو خەبات و ژیان و دەرد و مەینەتی و ناکامیەکانی ئیدریس وەبەربگرێ ئەمەنییە، منیش لەگەڵ کەم توانایی خۆم هەر هەندەم لەدەست هات کە لە بیرەوەریی ساڵیادیدا چەمکێک لە میژووی ژیانی پڕ دەربەدەری و کوێرەوەری و نەهامەتی ئەو جوانەمەرگەتان بۆ باس بکەم کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەستێرەیەکی گەش و ئومێدەوار بوو بۆ بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کورد.

دادگای باری کەسی عەنکاوە
ژمارە: ١١ / ش / ٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/٢٦
جارِدان
تا ئێستا سۆمال بە پێی بەڕێوەبەندی هەندێ هێزی نێودەوڵەتی و بریکارەکانیان لە نێوان ئاشتی و شەڕدا گوزەر دەکات و بازرگانانی شەڕ ئاگری شەڕەکە خۆشتر دەکەن، هۆکاری سۆزی تیرەگەری و دەستی شاراوەی دەرەکیی یارمەتیدەرن بۆ بەردوامبوونی شەڕەکە. چەمکی دەوڵەت و پێناسەکەی لەالی دەستبژێری سیاسی لە یەک جیایە هەیە دروستکردنی دەوڵەتێکی لەسەر شێوازی مەرکەزی دەوێت و ئەوەی دیکەیان فیدرالی و ئەوی دیکەیان حوکمی گەل، لەو نێوەندەشدا بزووتنەوەی شەباب داوای گەڕانەوەی خەاڵفەتی دەوڵەتی ئیسالمی دەکات، نە دان بە سەربەخۆیی سۆمال و نە بەرزرکردنەوەی ئاڵاکەی دادەنێت، بزووتنەوەکە ئەمە بە دابونەریتی داگیرکەری دەزانن.شوێنە هەستیار و پڕ بایەخەکەی لە ناوچەکە چ لەبەر ئەوەی خاوەنی ڕێگای دەریایی هەستیارە و بۆتە قوواڵییێکی ستراتیژی گرنگ بۆ کیشوەری ئەفریقا ، چ لەبەر ئەوەی خاوەن درێژترین کەناری دەریاییە لەسەر کەنداوی عەرەب و زەریای هیندی ئەمانە هیچیان دادی نەدان بۆتە چاوگەی ناسەقامگیری و مۆڵگەی هێزە دەرکییەکان کە هەر یەکەیان لە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانن ئەمەش وایکردووە مەلمالنێیەکی دیکەی نەویستراو ئەو وڵاتە بگرێتەوە ئەویش دژایەتی کردنی بوونی هێزی دەرکیە لە ناوچەکە، قەیرانی سۆماڵ تەواوی الیەنەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەاڵیەتی و کەلتووری و ئاسایشی گرتۆتەوە، هەر هەموو الیەکیان بەرپرسن لە تێکچوونی ڕەوشەکە، حکوومەت بەهۆی شکستهێنی لە ڕووی سیاسی و ئابووری، ڕێکخراوە تونددڕۆکانیش هاوشێوەی بزووتنەوەی شەباب بە تووندڕەوی و ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی وڵاتیان وێران کردووە ڕێگرن لە هەر هەوڵێکی نێو دەوڵەتی بۆ دابینکردنی سەقامگیری، ئەمانە هەر هەموویان وایانکردووە سێبەری قەیرانەکە بااڵی بەسەر ڕەوشی سیاسی و ڕۆشنبیری وڵاتانی ئەفریقاوە بکێشێت، بەهەر حاڵ دوای چەندین ساڵ لە شەڕ و شۆر خەریکە بریندەکە سارێژ بێت و وڵات دەست بەپرۆسەی گەشەپێدان بکات، ئەوا ئەگەر تیرۆریستان سەر لەنوێ نەبنە ڕێگر لەبەردەمیدا.


ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1836:
ویالیەتی تێکساس سەربەخۆیی خۆی لە مەکسیک ڕاگەیاند.



ساڵی 1946:
لە ڤیێتنامی باکوور هو چی منە دەسەاڵتی گرتە دەست.



ساڵی 1970:
کۆماری ڕۆدیسیا ڕاگەیەنرا و بەمەش دوایین پەیوەندی لەگەڵ تاجی بەریتانیا پچڕا.



ساڵی 1992:
هەریەکە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان و کازاخستان و قرغیزستان و سان مارینۆ و تاجیکستان و تورکمانستان و ئۆزبەکستان بوون بە ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان.



ساڵی 2008:
دوای وەدەستهێنانی 69% دەنگ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، دیمتری میدڤیدۆف بوو بە سەرۆکی ڕووسیا.



ساڵی 2018:
لە باکۆی پایتەختی ئازەربایجان ئاگرێکی گەورە کەوتەوە و بەهۆیەوە 26کەس گیانیان لەدەست دا.

www.xebat.net
دووشەممە 2020/3/2 ژمارە (5944) | خەبات



مۆسکۆ، ئەنقەرە، دیمەشق...

لە بەرەی ئیدلب و حەلەبی گڕگرتوودا چ دەگوزەرێ؟

ئا: هەندرین شێرزاد

کردەوە سەربازیەکانی ئەم دواییەی هێزەکانی ئەسەد و سوپای ڕووسیا لە پارێزگای ئیدلب و گوندەواری ڕۆژئاوای حەلەب و دواتر بۆردومانکردنی کاروانێکی سەربازی تورکیا لەلایەن فڕۆکەکانی سووریا و کوژرانی زیاتر لە 30سەرباز بارودۆخی ناوچەکەی بەرەو ئاڵۆزی زیاتر برد . ئەم ئاڵۆزی و گرژیانە کۆمەڵێک پرسیاریشیان بەدوای خۆیاندا هێنا : ئایا ئەم دۆخە بەکۆی دەگات و ئاخۆ لە کۆتاییدا شەڕێکی سەرتاسەری لەنێوان ڕووسیا و تورکیا بەرپا دەبێ یان لایەنەکان دەگەنە ڕێککەوتن و ناوچەکەش جارێکی دیکە ئارامی بەخۆیەوە دەبینێتەوە، ئایا کێ براوەی یاریەکە دەبێ؟

مۆسکۆ ناکشێتەوە

زۆرێک لە شارەزایان پێیان وایە ئەو ڕووداوانە پێکەوە لە بنەڕەتدا بریتین لە چەند پەیامێکی مۆسکۆ بۆ ئەنقەرە و تیایاندا ڕووسەکان دەخوازن بە تورکەکان بڵێن: ئێمە ئامادە نین بستێک بگەڕێینەوە دواوە ، هەروەها ئەوان ڕێگە بە ڕژێمی ئەسەدیش نادەن بۆ سنوورەکانی ڕێککەوتنامەی سوچی بکشێنەوە وەک ئەوەی ئەنقەرە داوای دەکات. لەو پێناوەشدا ئەوان بۆ گرتنەبەری هەمو بژاردە و ڕێوشوێنێک ئامادەن ، تەنانەت ئەگەر سەربازیش بن.زۆر لایەن باس لەوە دەکەن کە ڕووسیا هەوڵی داوە چەندین هێزی دیکەی چەکداری وەک سوپای پاسدارانی ئێران و حزبوڵای لوبنانی و عەسائیبی ئەهلی حەق و چەندین میلیشیای دیکەی عێراقی بخزێنێتە ناو شەڕەکەوە.

ئەنقەرەش کۆڵ نادات

لەبەرامبەر ئەو پەیامانەی ڕووسیا ، ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە ئەنقەرەش سوور بێ لەسەر مانەوە لە ناوچەکە، هەروەها وا بە ئاسانی دەستبەرداری شاری ئیدلب نەبێ ، **ئەمەش زیاتر لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی:**

لایەنی ئەمنی:

کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاسایشی ناوچە سنوریە هاوبەشەکانی نێوان تورکیا و ئیدلب. بەو پێیەی لە ڕابردوودا ئەم ناوچەیە هەمیشە خاڵی ناسەقامگیری بووە و تیایاندا چەندین هاوڵاتی تورک کوژراون و دانیشتوانەکەی ئارامیان بەخۆیانەوە نەدیوە.

پەنابەرانی سووریا:

بە شێوەیەکی گشتی، ناوچەی ئیدلب زیاتر لە چوار ملیۆن کەسی تێدایە کە بەدوای ئارام و دوور لە شەڕدا دەگەڕێن، بۆیە لە حالەتێکدا ئەگەر ناوچەکە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی سووریا و ڕووسیا ، ئەو کاتە سەرجەم ئەو پەنابەرانە ڕوو دەکەنە تورکیا و حکوومەتی تورکیاش توانای گرتنەخۆی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرانی نیە.

گرنگیی ئیدلب بۆ تورکیا

ئیدلب دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای سووریا و بەرامبەر ویلایەتی هاتای باشووری تورکیایە ، لە باکووری ڕۆژئاوا هاتای و لە ڕۆژهەڵات پارێزگای حەلەبی سووری و لە باکووری ڕۆژهەڵاتیش شاری عەفرین و لە باشووریش پارێزگای حەما ، هەروەها لە باشووری ڕۆژئاوا پارێزگای لازقیە هەن. لەگەڵ تورکیا خاوەنی 130کیلۆمەتر سنووری وشکانی هاوبەشن. بۆیە تورکیا هەمیشە لەوە نیگەرانە کە هەڵمەتی سەربازیی بەردەوامی هێزەکانی ئەسەد و سوپای ڕووسیا ببێتە مایەی ئەوەی سەدان هەزار کەسی سڤیل شوێنەکانیان بەجێ بێڵن و ڕوو بکەنە ناو خاکی ئەو و دواتریش بەرەو ئەوروپا هەنگاو بنێن. لە ڕووی ستراتیژیشەوە ئیدلب گرنگی زۆری بۆ تورکیا هەیە ، چونکە ئەم ناوچەیە لەگەڵ تورکیا خاوەنی زنجیرە چیای ئەمانۆسن کە پێشتر ئەنقەرە هەمیشە باسی لەوە دەکرد کە ئەندامانی پەکەکە لەوێوە دزە دەکەن و هێرش دەکەنە سەر ویلایەتی هاتای. لە ڕاستیدا پێگەی جوگرافی و ستراتیژیی و پێکهاتەی دانیشتوانی ئیدلب وایان کردووە کە ناوچەکە ببێتە بەشێک لە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا ، بۆیە ئەنقەرە تا پێی بکرێ هەوڵ دەدات بە شێوەیەک لە شێوەکان شوێنپێیەک لەوێ بۆ خۆی بەجێ بێڵێ. بە واتایەکی تر ، ئەمڕۆ ئیدلب بۆتە کەوتە خۆی بۆ ئەوەی ڕێککەوتنێکی نوێ بێتە ئارا و تیایدا بارودۆخە تازەکان بکرێن بە ئەمری واقیع. لەوڵاشەوە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەهۆی ڤیتۆی ڕووسیا نەیتوانی بگاتە بڕیارێکی تایبەت بە وەستاندنی شەڕ.

سێ سیناریۆ

یەکەم : کردەوەیەکی بەرفراوانی سەربازی

ئەم بژاردەیە پەیوەستە بە کۆتاییهاتنی کاتی دیاریکراو بەبێ ئەوەی لایەنەکان بگەڕێنە بە ڕێککەوتنێک ، لەو کاتەدا هێزەکانی تورکیا و سوپای ئەسەد لە چەند بەرەیەکی بەرفراواندا ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە و لە کۆتاییدا ڕووسیاش ببێ بە بەشێک لەو شەڕە. هەروەها تورکیا دەست بە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی سەربازیی بەرفراوان بکات و لەگەڵ ڕووسیا بەر یەک بکەون.ئەم سیناریۆیە ئەگەرچی لەبەر چەند هۆکارێک بە دوور دەزانرا ، بەو پێیەی هەردووک وڵات خاوەنی چەندین بەرژەوەندی جیاوازن ، بۆیە مەحاڵ بوو هەردوولا لەبەر ئیدلب دەستبەردار ی ئەو بەرژەوەندیانە بن ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەنقەرە سوورە لەسەر ناچارکردنی ڕژێمی ئەسەد لەسەر پاشەکشەکردن ، هەروەها پێداگریی ڕووسیا لەوەی هیچ تەنازولێک پێشکەش نەکات ، بۆیە ئێستا بژاردەی پێکدادانی نێوان ڕووسیا و تورکیا بەدوور نازانرێ.

دووەم: هەڵمەتێکی سنووردار

لەو هەڵمەتەدا هێزەکانی تورکیا بە هاوکاری باڵەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە چەند میحوەرێکەوە کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام بدەن و هێزەکانی ئەسەد ناچاری کشانەوە بکەن ، لەگەڵ هێشتنەوەی دەرفەتی گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕووسیا.لە حاڵەتی سەرنەگرتنی دانوستانیش تورکیا دەرێژە بە کردەوە سەربازیەکە بدات. ڕاستە لە ڕۆژی یەکەمی بەرپابوونی شۆڕشەوە ڕووسیا پابەند بووە بە پشتگیریکردن لە ڕژێمی ئەسەد ، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەنقەرە و مۆسکۆ لە ڕووی سەربازی و ئابووری و بابەتێکی پەیوەست بە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا.

ئیدلب و مۆسکۆ

کاتێک ساڵی 2015ڕووسیا لە ڕووی سەربازییەوە خۆی خزاندە نێو کاروباری سووریا ، هەر لە سەرەتادا چاوی لەوە بوو بەبێ بوونی هیچ هاوبەشێک کار بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی هەموو خاکی سووریا بکات ، بەڵام بەهۆی بەرفراوانی بەرەکانی شەڕ و زەحمەتیی ئەرکەکە، ناچار بوو پەنا بۆ ئەوە ببات بە بوو لە کۆتایی هێنان بە سەرتاپای پرۆسەی سیاسی و هەموو ئەو هەوڵانەی کە لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ دۆخی سووریا لە ئارادابوون. دواتر ڕووسیا بە بیانووی وەستاندنی شەڕ لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان و چاودێریکردنی ناوچەکانی شەڕ دەستی بە پرۆسەی ئەستانا کرد و لەو بارەشەوە هەریەکە لە ڕووسیا و تورکیا و ئێرانیش ڕێککەوتن.لە بەرەی ئیدلب کرد ، ئەو وەختە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەوتەخۆی و داوای لە تورکیا کرد پەنا ببات بەر جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنی سوچی 2018 هەروەها هێزەکانی ئەسەد و ڕووسیاش بکشێنەوە بۆ دوای 11خاڵە چاودێریکردنەکەی تورکیا.لەو کاتەوە ڕووسیاش بە ناوچەیەکی ژێر کۆنترۆڵی ڕووسیا.

کاردانەوە نێودەوڵەتیەکان

ئەو کاتەی هێزەکانی ئەسەد و سوپای ڕووسیا لە قۆناغی یەکەمدا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەردووک ڕێگای خێرای ئیم 4و ئیم 5یان دا ، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاردانەوەی ئەوتۆی نەبوو ، بەڵام دواتر کاتێک شەڕەکە پەرەی سەند و ژمارەیەکی زۆری خەڵک ناوچەکانیان بەجێ هێشت و تورکیاش هێزی زۆری ڕەوانەی دانوستانەکانی ئەستانەشدا ڕووسەکان لە توانایاندا نەبوو ئەوەندە دوور بڕۆن ئەگەر ئەمەریکیەکان وا بە ئاسانی دەستبەرداری ڕێککەوتنی ژنێف نەبووبان. ئەو کاتە بۆچوونێکی واش لە ئارادابوو کە ئەمەریکی و ڕووسەکان گەیشتبنە ڕێککەوتنێک سەبارەت بەوەی سووریا ببێ بە دوو ناوچەی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات کە ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێ ئێران بکات بە هاوبەش بۆ خۆی. سەبارەت بە هاوبەشی نێوان ڕووسیا و تورکیاش ، مەسەلەکە زیاتر بۆ ئەوە بوو کە شکست بە ڕێککەوتنی ژنێف بێنێ کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەڕێوە دەبرا و ئەمەریکاش سەرپەرشتی دەکرد، واتە مەسەلەکە بریتی بوو لە کۆتایی هێنان بە سەرتاپای پرۆسەی سیاسی و هەموو ئەو هەوڵانەی کە لە پێناوی گەیشتن بە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوە بۆ دۆخی سووریا لە ئارادابوون. دواتر ڕووسیا بە بیانووی وەستاندنی شەڕ لە نێوان لایەنە شەڕکەرەکان و چاودێریکردنی ناوچەکانی شەڕ دەستی بە پرۆسەی ئەستانا کرد و لەو بارەشەوە هەریەکە لە ڕووسیا و تورکیا و ئێرانیش ڕێککەوتن.لە بەرەی ئیدلب کرد ، ئەو وەختە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کەوتەخۆی و داوای لە تورکیا کرد پەنا ببات بەر جێبەجێکردنی بڕگەکانی ڕێککەوتنی سوچی 2018 هەروەها هێزەکانی ئەسەد و ڕووسیاش بکشێنەوە بۆ دوای 11خاڵە چاودێریکردنەکەی تورکیا.لەو کاتەوە ڕووسیاش



وزە و گەشتیاریەوە خاوەنی پەیوەندی پتەون و قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردووک وڵات زیاتر لە 35 ملیار دۆلارە ، بۆیە لە کۆتاییدا بەرپرسانی تورکیا و ڕووسیا ئەو پەیوەندیانە ناکەنە قوربانی و ڕێگە نادەن سووریا ببێتە هۆکارێک بۆ تێکچوونی پەیوەندیەکانیان.

سێیەم: گەڕانەوە بۆ گفتوگۆ و دانوستان

هەریەکە لە مۆسکۆ و ئەنقەرە دڕێژە بە گفتوگۆ دەدەن و کردەوە سەربازیەکانیش دوا دەخەن، ئەم سیناریۆیەش لە سایەی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئێستادا تا ڕادەیەک بەدوور دەزانرێ ، ئەگەر گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی لە هەڵوێستی ڕووسیا ڕوونەدات و بەرامبەر پێداگریی ئەنقەرە تەنازول نەکات.

ئایا تورکیا هەڕەشەکانی جێبەجێ دەکات؟

حاڵی حازر گومان لەوەدا نیە کە تورکیا لە هەڕەشەی دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەسەد بۆ سنوورەکانی ڕێککەوتنی سوچی پاشگەز نابێتەوە، دوور نیە ئەمەش لە سایەی سووربوونی ڕووسیا لە ڕێگەی ئەنجامدانی کردەوەیەکی سەربازیەوە جێبەجێ بکات.تورکیا درک بەوە دەکات کە بەشداربوون لە دیارکردنی هەژموون و دەسەڵات ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە قەبارەی هێزی وڵاتان، بەو پێیەش کە ئەنقەرە ناخوازێ سەبارەت بە کێشەی سووریا وەک لایەنێکی تەماشاکار بوەستێ ، بۆیە چاوەڕێ ناکرێ سەبارەت بە ئیدلب پاشەکشێ بکات.

سیاسەتی هەڵدێران

تێبینی ئەوە دەکرێ کە لایەنەکانی ناو گۆڕەپانی سووریا ئێستا زیاتر پێشبینی سیاسەتی هەڵدێران دەکەن، ئەمەش ستراتیژیەتێکە و بە بەردەوامی لەلایەن ڕووسەکانەوە پیادە کراوە. ئەوان هەمیشە گوشار دەخەنە سەر ئەنقەرە بۆ ئەوەی پاشەکشە بکات و دواتر سیاسەتی ئەمری واقیع بسەپێنن. لە بەرامبەردا تورکیا پشت بە سیاسەتی نەفەس درێژیی دەبەستێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوور نیە لە کۆتاییدا هەڕەشەکانی جێبەجێ بکات.



ئەو خاڵە گەش و رووناکەی لە ئێوارانداا دەردەکەوێ، چییە؟

هاوڵاتیان پرسیارێکی زۆر دەکەن دەربارەی ناسنامەی ئەو خاڵە گەش و رووناکەی کە راستەوخۆ لە دوای ئاوابوونی خۆردا لە ئاسمانی رۆژئاوادا دەردەکەوێ؟ ئاخۆ ئەمە ئەستێرەیە؟ هەسارەیە؟ تەنێکی نەناسراوە یان مانگێکی دەستکردە؟

(هەسارەی زوهرە - VENUS)ـەو ناسنامەی ئەو تەنە بریقەدارەیە کە دەیبینین، کە هەندێ جار لە بەرەبەیان و پێش هەڵاتنی خۆردا دەیبینین، ئەو هەسارەیەی کە بە (جمکەی زەوی) ناسراوە لەبەر نزیکیی قەبارەو تیرەکەی لە زەوی، وە دووەم هەسارەیە لە دوای (عوتارد Mercury) لە دووریی لە خۆرەوە کە مەوداکەی دەگاتە 108ملیۆن کیلۆمەتر.

وشەی (زوهرە) لە زمانی عەرەبی، واتای جوانی و رووپاک و سپی گەشیی دەبەخشێ، بەڵام قسەنۆس ناوی کۆنی یەکێ لە خواوەندەکانی گریک -یۆنانییەکان بووە کە جوانی بووە.

سێ هۆکار هەیە کە وادەکەن ئەو هەسارەیە بەو شێوەیە لە ئاسماندا بگەشێتەوە:

1-لەبەر نزیکیی ئەو هەسارەیە لە زەوی کە ماوەی نێوانمان لە نزیکترین خاڵدا دەگاتە تەنها 38ملیۆن کیلۆمەتر و ە دوورترینیش دەگاتە 261کیلۆمەتر.

2-گەورەیی قەبارەی هەسارەکە نزیکیی تیرەکەی لەگەڵ زەوی، کە بۆ هەسارەی زوهرە 12104کیلۆمەتر و زەویش 12742 کیلۆمەتر، واتە تیرەی هەسارەی زەوی تەنها بە 638کیلۆمەتر بچووکترە.

3- هەسارەی زوهرە بە چینێکی یەگجار زۆر چڕو پڕی هەور داپۆشراوە کە بڕێکی زۆری تیشکی خۆر دەدەنەوە -عکس دەکەنەوە- وە کاتێک دەگاتە نزیکترین خاڵیش لە زەوی ئیدی بە گەشترین شێوە دەردەکەوێ.

چەند تایبەتمەندێتییەکی نامۆی هەسارەی زوهرە

1-بە خێراییەکی یەگجار زۆر کەم بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بە جۆرێک کە بۆ تەواوکردنی خولێک پێویستی بە 243رۆژی 24کاتژمێریی هەیە، بەڵام بۆ تەواوکردنی خولێکی بە دەوری خۆر 225رۆژی پێدەچێ، واتە، رۆژێکی هەسارەی زوهرە بە 18رۆژ لە سالەکەی درێژترە، بە واتایەکی دیکە، هەتا زوهرە خولێک بە دەوری خۆیدا تەواو دەکات، 18رۆژ زووتر خولێکی بە دەوری خۆردا تەواو کردووە.

2-لەبەر بوونی چڕییەکی یەگجار زۆری هەورو گازی دووانۆکسیدی کاربۆن لەنێو بەرگە هەوای ئەستووربدا، ئەو هەسارەیە دووچاری دیاردەیەک بووە کە ئێمە ئێستا لەسەر زەوی لێی دەترسین و هەوڵ دەدەین چارەسەریی بکەین، کە ئەویش دیاردەی قەتیسبوونی گەرمییە، بڕێ پلەی گەرمیی رووی هەسارەی زوهرە دەگاتە سنووری 449 پلەی سیلیزیی.

3- هەسارەی زەوی بە پێچەوانەی میلی کاتژمێر، واتە لە راستەوە بۆ چەپ بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، بەڵام زوهرە بە ئاراستەی میلی کاتژمێر بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، واتە، ئەگەر لەسەر رووەکەیدابین، دەبینین خۆر لە رۆژئاواوە هەڵدێت و لە رۆژهەلاتەوە دەرکەوتووە.

بۆ نموونە، (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسپانیا) لەنێو بەرچاوترینی ئەو وڵاتانە بوون کە بۆ ماوەیەکی دوای بڵاوکردنەوەی دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان لە گۆڤاری (پێشکەوتنی زانستیی) دا، زانایان هۆشداریان داوە لەوەی کە ئەگەر دیاردەی (ونبوونی شەو) لە زۆربەی وڵاتاندا ڕووبدات، ئەوا کاریگەرییەکی خراپی دەبێت لەسەر سەلامەتی و تەندروستی مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەکانیش.

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ڕوون و دەستەوتنی بەڵگەی زانستیانە، ئەم تیمە پشتی بەستووە بە وێنەکانی مانگە دەستکردەکانی سەر بە ناژانسی (ناسا) کە تایبەتن بە پێوانەکردنی ئاستی گەشبوونەوەی تاریکیی شەوو لە کۆتاییدا دەرکەوت کەوا گۆڕانکاریی لە زیادبوونی ئاستی گەشێتیی بە تێپەڕبوونی کات بەشێوەیەکی گەورە لەنێو وڵاتاندا دەرکەوتووە.

بۆ نموونە، (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسپانیا) لەنێو بەرچاوترینی ئەو وڵاتانە بوون کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە گەشترینی شێوە دەرکەوتوونە لەنێو وێنەی مانگە دەستکردەکاندا، بەڵام بێ ئەوەی ڕووبەرەکەیان فراوانتر بێت، بەڵام زۆربەی زۆری وڵاتانی کیشوەری (ئەمریکای باشوورو ئەفریقیا) گەشبوونەوەی ڕووناکی فراوانتریان بەخۆیانەوە بینیوە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی جەنگەوە، هەردوو وڵاتانی (سووریا و یەمەن) ڕووناکییەکانیان کەمی کردووە. دیمەنی مانگە دەستکردەکان بۆ شارەکانی جیهان لەشەودا، ڕوالەتێکی یەگجار زۆر جوان و سەرنجڕاکێشی نیشاندەدات، شارەکان، بە تایبەتی گەورەکان، وەک تۆڕی جالجالۆکەیی مەزنی ڕووناک لەسەر پانتاییە تاریکەکاندا دەردەکەون، بەڵام لە ڕووی زانستی و تەندروستییەوە، ئەم جوانییە دەستکردە هەڵخەڵەتێنەرەو بە پێچەوانەوە زیانی هەیە بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ.

سەرپەرشتیاری سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە، (کریستۆفەر کیبا) ی پسپۆڕ لە (سەنتەری لێکۆڵینەوەیی ئەڵمانی بۆ زانستە جیۆڵۆجییەکان) لە (بۆتستدام) ڕایگەیاندووە: "خستنەنێوی ڕووناکی دەستکرد بۆ نێو ژینگەکەمان، یەکێ بووە لە گەورەترینی ئەو گۆڕانکارییە فیزیاییانەی کەوا مرۆڤ هێنایتییە ئاراوە". لە ڕاستیدا (کیبا) و هاوڕێکانی پێشبینی ئەوەیان دەکرد کەوا ئاستی گەشێتیی لەنێو شارە پیشەسازییە گەورەکاندا نزمتر ببێتەوە، چونکە بەپێی یاساکان دەبوایە سیستەمی ڕووناک کردنەوە لە ڕێگەی گلۆپی سۆدیۆمیی ڕەنگ پرتەقاڵیی گەش بگۆڕدرێن بۆ گلۆپی جۆری LEDکە وزەش کەمتر بەکار دەهێنن، بەڵام هەستەوەریی تایبەت بە یەکەی (دووەم هەستپێکردنی ڕووناکی) تایبەت بە پێوانەکردنی ڕەنگی شینی دەرچووی لە گلۆپەکانی جۆری LEDهەرگیز تۆمار نەکرد، ئەمەش مانای بەکارهێنانی ئەمجۆرە گلۆپە لەنێو شارو دامەزراوە پیشەسازییە گەورەو پێشکەوتووانەی جیهانیی پشتڕاست کردەوە.

زانایان گلۆپی (سوور) بۆ (یەڵۆستۆن) دادەگیرسێنن!



دوای ئەوەی شیکردنەوەی داتایەکان، دەرکەوت کەوا کەنالێک بە پێوانەی 72بە 55 کیلۆمەتر لە قوڵایی ئەو ناوچەیەدا هەیەو بۆتە هۆکاری سەرەکیی ڕووداتی بوومەلەرزەی بچووک و هێور، وە لەم بارەیەوە، (پیتەر نیڵسۆن) ی پسپۆڕی جیۆلۆجیی لە (زانکۆی تێکساس) کە خۆیشی سەرکردایەتی تیمی لێکۆڵینەوەی دەکرد، ڕایگەیاندووە:

"دەرئەنجامەکانمان پاڵپشتی تیۆڕی سەرچاوەی قوواڵی خاڵی هەرە گەرمی (یەڵۆستۆن) دەکات و بەڵگەش دەدات لەسەر بوونی ستوونی گڕتاویی کە تیمێک لە پسپۆڕانی زەویناسی توانیان ستوونێکی مەزنی گڕتاو لە ژێر گڕکانی هەرە مەزنی (یەڵۆستۆن) بدۆزنەوە، کە بەڕای ئەو پسپۆڕانە، مەترسییەکی زۆری ڕوودانی تەقینەوەیەکی گەورەی ڕەنگە لێ بکەوێتەوە.

لە ڕووی زەویناسییەوە، ستوونە گڕتاوییەکان یەکێکە لە سیما جیۆلۆجییە نا ئاساییەکان و بە شێوەیەکە گشتی دەکەونە نێوان سنووری جیاکەرەوەی نێوان کاکڵی زەوی و بەرگدا کە لەو بەرگەوە دەگاتە نێو تۆپکڵی زەوییەوە، وە بەڕای پسپۆڕان ڕەنگە ئەو ستوونە گڕتاوییە بەرزبووەوە لە قوڵایی گرکانە مەزنەدا درێژترین بێتەوەو لە ویلایەتی (وایۆمینگ) ی ئەمریکی بگاتە وڵاتی (مەکسیک).

(یەڵۆستۆن - واتە بەردی زەرد) یەکێکە لەو گڕکانە کەمانەی کە ناکەونە سەر شریتی چالاکی نێوان (پلێتە تکتۆنی) یە کیشوەرییەکانی جیهانەوەو دووریشە لەو ناوچانەی کە لە ڕووی بوومەلەرزەییەوە زۆر چالاکن، چونکە (یەڵۆستۆن) دەکەوێتە سەر خاڵێکی زۆرگەرمی نێو بەشی ژووروەوەی پلێتی ئەمریکییەوە.

ئەم دۆزینەوەیە لە دوای ڕوودانی زنجیرەیەک بوومەلەرزەی بچووکدا دەستکەوت کە لە بەردەوام لەو ناوچەیەدا ڕووياندابوون وە هەر ئەوەش بووە مایەی دڵڕاوکێیی و ترساندنی پسپۆڕانی زەویناسی لەوەی کە ئەو گڕکانەی کەوتۆتە نێو ناوچەی (باغچەی نیشتیمانی یەڵۆستۆن) لەسەر لێوارى تەقینەوەیەکی گەورە بێت.

دوای شیکردنەوەی داتایەکان، دەرکەوت کەوا کەنالێک بە پێوانەی 72بە 55 کیلۆمەتر لە قوڵایی ئەو ناوچەیەدا هەیەو بۆتە هۆکاری سەرەکیی ڕووداتی بوومەلەرزەی بچووک و هێور، وە لەم بارەیەوە، (پیتەر نیڵسۆن) ی پسپۆڕی جیۆلۆجیی لە (زانکۆی تێکساس) کە خۆیشی سەرکردایەتی تیمی لێکۆڵینەوەی دەکرد، ڕایگەیاندووە:

"دەرئەنجامەکانمان پاڵپشتی تیۆڕی سەرچاوەی قوواڵی خاڵی هەرە گەرمی (یەڵۆستۆن) دەکات و بەڵگەش دەدات لەسەر بوونی ستوونی گڕتاویی کە سەرچاوەکەی لە ناوچەی (بەرگی) تەنکی زەوییەوەیە لە قوڵاییەکی یەگجار زۆردا".

جێگای ئاماژە پێدانە کەوا زانایان ماوەیەکە هۆشداریان داوە لەوەی کە ئەگەر ئەو گڕکانە مەزنەی (یەڵۆستۆن) بتەقێتەوە، ئەوا دەرئەنجامەکەی دەبێتە هۆی نانەوەی کارەساتێکی جیهانیی نەوەک تەنها بۆ ناوچەکەو ئەمریکاو دیاردەی ناسراو بە (زستانی ناووکی) لێدەکەوێتەوە لەو کاتەی خۆڵەمێش و دووکەڵ بەری تیشکی خۆر دەگرێ و لەسەر ئاستی جیهانیشدا کرداری (ڕۆشنەپێکهاتن) پەکی دەکەوێ دوای ونبوونی تیشکی خۆر بۆ ماوەیەکی دوورو درێژدا.

ئایا پێکهاتەی مادەی خۆر ڕەقە، شلە، گازە یان هیچ کامێک لەوانە نییە؟


زۆرجار ئەو پرسیارە دەکرێت: ئایا پێکهاتە یان دۆخی مادەی خۆر چییە؟ ڕەقە، وەک زەوی و مەریخ، شلە، وەک دەریاو زەریاکانی ڕووی زەوی، یان هایدرۆکاربۆنەکانی ڕووی (تایتان) ی پاشکۆی هەسارەی (زوحەل)، یاخود گازیی وەک پەڵە گازییە مەزنەکانی نێو گەلەستێرەو گەردوونە؟ وەڵامی فیزیا فەلەکناسان ئەوەیە، کە هیچ کامێک لەوانە نییە!

بەڵکو لە دۆخێکە کە پێی دەڵێن (پلازما - یان - دۆخی چوارەمی مادە).

کورترین و ڕوونترین پێناسە بۆ پلازما بریتییە لە: دۆخێکی زۆر تایبەتی مادە کە دەتوانرێ وەسف بکرێ وەک گازێکی ئایۆنکراوی یەگجار زۆر گەرمەکە ئەلیکترۆنەکان تیایدا سەربەستن و بە گەردیلەدا نەبەستراون

نەوەک تەنها لە نێو خۆردا، بەڵکو لەنێو گەردوونیشدا، پلازما، بەربڵاوترین مادەیە، جا لەرووی بارستایی یان قەبارەکەی بێت

بۆ نموونە، لەسەر ڕووی زەوی خۆشمان چینی ئایۆنۆسفیرو ماگنیتۆسفیر لە پلازما پێکهاتوونە و بۆشایی ئاسمانی نێوان هەسارەکان و نێوان ئەستێرەو گالاکسییەکانیش پلازمای تیادایە بەڵام لەژێر چڕییەکی یەگجار زۆر کەمدا.





سەرپەرشتیاری گرووپی پایسکلسواری هەڵەبجە لە دیمانەیەکی خەباتدا

شۆخ رزگار: ئامانج لە دامەزراندی ئەم گرووپە بە کلتوورکردنی پایسکلسواری و تەندروستییەکی باشتر و ژینگەیەکی پاکتر



دیمانە: هاوار موردکەیی

شۆخ رزگار فەتاح ئەو کچە لەخۆبردووە و بوێرەی شاری هەڵەبجەیە کە سەرپەرشتی گروپێکی پایسکلسواری شاخەوانی لەو شارۆچکەیە دادەمەزرێنێت و ژمارەیەک کوڕ و کچی ئەم شارە کۆدەکاتەوە و گروپی پایسکلسواری هەڵەبجە دادەمەزرێنێت، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات سەبارەت بە ئامانجی ئەم گروپە و تێبینی و سەرنجەکانی لەسەر پایسکلسواری شاخەوانی دیمانەیەکی لەگەڵ ئەم کچە پایسکلسوارە ئەنجامداوە.



بەکلتوورکردنی پایسکلسواری

شۆخ رزگار کە تەمەنی 23ساڵە و قوتابی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی هەڵەبجەیە، لەبارەی خۆشەویستی بۆ پایسکل گوتی: یاری پایسکلسواریم زۆر خۆش دەوێت و زۆربەی کاتەکانی چوونم بۆ زانکۆ بە پایسکل بوو، دوایە بیرم کردەوە گروپێکی پایسکلسواری دابمەزرێنم، ئامانج لەم گرووپەش بەکلتوورکردنی پایسکلسواری لە پێناو تەندروستییەکی باشتر و ژینگەیەکی پاکتر، بێگومان خانەوادەکەم زۆر پشتگیرو پشتیوانم بوون لە دامەزراندی ئەم گرووپە و ئێستا پشتیوانیم دەکەن، هەروەها دوای دامەزراندنی گرووپەکەش کۆمەڵە کەسێکم لەنیو ئەم بواره ناسی کاک کەنعان و هەروەها کاک دانا ئەو کەسەی وەرزشی پایسکلسواری شاخەوانی هێنایە کوردستان و ئەوان زۆر پاڵپشت و هاوکارمن.

گرووپێک لە 20 پایسکلسوار

دواتر ئەو فێرکارەی پایسکل لەبارەی چالاکیی گرووپەکە گوتی: ساڵی رابردوو یەکەم چالاکیمان ئەنجامدا، بە بلاوکردنەوەی 500پرۆشەر کە تایبەت بوو بە زانیاری تەندروستی و وەرزشی، هەروەها هەفتانە سێ رۆژ دەچینە راهێنان بۆ ناوچەکانی دەوروبەرمان، وە بەشداریان کردووە لە پاڵەوانیتیی پایسکلی شاخەوانی لە شاخی گۆیژە، ئەمە جگە لەوەی رۆژانی شەممە لە یاریگای هەڵەبجە هەڵدەستاین بەفێرکردنی ئەو خانمانەی ئارەزووی پایسکلسواریان هەیە، خۆشبەختانە توانیمان 15ئافرەت فێری پایسکلسواری بکەین، گرووپەکەی ئیمە هەموو کەسیکی سەرووی تەمەنی 18 ساڵی وەردەگرین، کە لە ئێستادا گرووپەکەمان لە 20 پایسکلسوار پێکدێت کە 15کوڕ و 5کچە.

کۆمەڵگا هاندەرمانە

لە کۆتاییدا خاتوو شۆخ رزگار سەرپەرشتیار و فێرکاری گرووپی پایسکلسواری هەڵەبجە گوتی: دەتوانم بڵێم گرووپەکەمان رێگەخۆشکەربووە بۆ ئەوەی کچانی هەڵەبجە بێنە ناو ئەم وەرزشە، لە ئێستادا کۆمەڵگاکەمان هاندەرمانە بۆ بەردەوامبوونمان و بەنیازیشین لەداهاتوودا بەشداری لە پاڵەوانیتی پایسکلی شاخەوانی و پێشبڕکێیەکاندا بکەین و دڵنیاین کە ئەنجامی بەرچاومان دەبێت.



پاش بلاوبوونەوەی کۆرۆنا لە ئیتاڵیا

رۆنالدۆ بۆ کوێ رادەکات؟

راپۆرتە هەواڵەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە ئەگەری زۆر هەیە ڤایرۆسی کۆرۆنا، رۆنالدۆ ناچار بکات ئیتاڵیا جێبهێڵێت و رووبکاتە یانەیەکی دیکەی دەرەوەی کالچیۆ، بەتایبەتیش دوای ئەوی ئەم ڤایرۆسە رۆژ دوای رۆژ زیاتر لە ئیتاڵیا لە بلاوبوونەوەدایە و حالی حازریش چەندین یاریی بەبێ ئامادەبوونی جەماوەر بەڕێوەدەچن.

راپۆرتەکان ئەو پرسیارەیان بە ناراستەوخۆیی ئاراستەی رۆنالدۆ کردووە کە دوای بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئیتاڵیا، کریستسانۆ رۆنالدۆ بۆ کوێ رادەکات؟ کەریس لەوەڵامی ئەمەدا و لەلێدوانێکی بۆ تۆڕی سکای سپۆرتی بەریتانی گوتوویەتی: وەکو تاکە کەس هەست بە بەختەوەرییەکی زۆر دەکەم لەگەڵ یانەی یۆڤینتۆس، نیازمە گۆڵی زیاتر تۆمار بکەم، هەروەها دەخوازم 100یاری دیکەش ئەنجام بدەم.

بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە

خانمە یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئێران گیانی لەدەستدا

یەک لەوانەی بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە، ئیلهام شیخی خانمە یاریزانی هەڵبژاردەی ئێرانە (هۆڵەکان)، کە دوای ئەوەی ئەو ڤایرۆسە لێی دەدات و ناتوانێت بەرگەی بگرێت و گیان لەدەست دەدات.

ئیلهامی تەمەن 23 ساڵ کە لەشاری قوم دادەنیشێت، تووشی ئەو نەخۆشیەدەبێت و دەگوازرێتە نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆرۆناوە، دوای چەند رۆژێک مانەوەی گیان لەدەست دەدات.



راهێنەرێکی ئیتاڵی دەبێتە قوربانی ڤایرۆسی کۆرۆنا



یانەی هۆنفیدی رکابەری خولی هەنگاریا بۆ تۆپی پێ، جۆسیپی سانینۆی راهێنەری لە ئەرکی راهێنانی یانەکەی دوورخستەوە، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئیتاڵیا. ئەو یانە هەنگاریە لە پەیجی فەرمی تایبەتی خۆیدا بڵاویکردۆتەوە کە دوورخستنەوەی ئەو راهێنەرە و یاریدەدەرەکەی زۆر پێویست بوو، چونکە ئەمانە پەیوەندیان بەکەسانیکەوە هەیە کە لەو ناوچانەی ئیتاڵیا دەژین ڤایرۆسی کۆرۆنای تیدا بلاوبۆتەوە، ئەمەش گرتنەبەری ریوشوێنێکی ئیجباری بووە بۆ سەلامەتی گیانی یاریزان و جەماوەری یانەکەیان.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Mon.2. Mar. 2020 No: (5944)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

پایتەخت.. شانۆگەری پاساوان لەئامێز دەگرێت

ئەرسەلان دەروێش لە (پاسەوان)دا، دەربارەی ئەنفال و پێشمەرگە دەدوێت



یەک هەناسە

ئیسماعیل بەرزنجی
هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

لەوەتەی هەرای کۆرۆنا بووە بەباس و خواسی هەمووان، ئەوەندەی لەپڕۆپاگەندە و قسەی بێ بنەما و هەوالّی ناڕاست دەترسم، نیو ئەوەندە لە ڤایرۆسەکە ناترسم، زەلامی وا هەیە مانگی رۆژنامەیەک ناخوێنێتەوە کەچی دەڵێت:
- لەقسان کۆرۆنا گەیشتە.....!
لێی دەپرسن:
- چۆنت زانی.
وەرام دەداتەوە:
- وایان گوت.
یەکێکی دیکە دەڵێت:
- دەڵێن لەچین هەموو توش بووەکان دەسوتێنن.
پێی دەڵێن:
- کێ وای گوت؟
وەرام دەداتەوە:
- شەو لەمالّی خەزوورم بووم، لەوێ باسیان کرد.
ئیتر رۆژانە، دەیان هەوالّی ئەوها قۆرمان گوێ لێ دەبێت، بێگومان ئەو قسانە کار لەدەروونی خەڵک دەکەن، بەرگری لەش دادەبەزێنن، واتە وات و دیعایە زۆر لەڤایرۆسەکە مەترسیدارترن، زۆر رۆژگاری سەختمان بەڕێکرد، ئەگەر خاوەن وەرە و پابەندی ڕێنماییەکان بین ئەوە تێدەپەڕێنین بەلاّم دەبێت واز لەقسەی بێ بنەما بێنین.




ئا: بەرهەم شێخ عزەدین

دوا بەدوای نمایشی سەرکەوتووی (دوژمنی گەل) لە نووسینی (هێنریک ئەبسن)ی نەرویژی کە لە پایزی ساڵی پاردا پێشکەشی کرد و چەندین پرسی گرنگی نێو ژیانی کۆمەڵگای کوردی پێ وروژاند وەک بابەتەکانی (گەندەڵی، میدیای چەواشەکار و چاوچنۆکی وهەڵپەرستی و پرسی ئازادی ڕادەربڕین و..هتد)، وا بڕیارە دەرهێنەری ناسراوی کورد (ئەرسەلان دەروێش) لەرۆژانی داهاتوودا شانۆگەری (پاسەوان) لە نووسینی (د.دلشاد مستەفا)و نواندنی چەردەیەک لە هونەرمەندانی ناسراوی (تیپی شانۆی سالار) وەک شانۆکاران (م.ئەحمەد سالار ، ڕەمزیە قادر،پشکۆ شێخ عەلی) و بەبەشداری ژمارەیەک هونەرمەندی گەنج لەشاری هەولێر پێشکەش بکات.



دەربارەی بەشداران و بابەتی ئەم کارە شانۆییە نوێیە، هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی (خەبات) ی دایەوە:شانۆگەری (پاسەوان) کە وێڕای دەرهێنان کاری دراماتۆرگیشم بۆ کردووە، ئاوێتەیەکە لەو تێکستە شانۆییانەی هاوڕێی ئازیزم نووسەرو هونەرمەند و ئەکادیمست (د.دلّشاد مستەفا) کە پێشتر کارم تیادا کردوون و لەناو کوردستان و چەند وڵاتێکی ئەوروپادا نمایش کراون، وەک تێکستەکانی (فردەوسی تەمتوومان، پاسەوان، نیگای بکوژیک)، مایەی شانازیشە کە لەم کارە نوێیەماندا هونەرمەندی گەورەو رابەر (ئەحمەد سالار) جارێکی تر وەک ئەکتەر لە ڕۆڵی پیاوێکی ئیزیدیی دوای هێرشی داعش بۆ سەر ناوچەکەی و کۆمەڵکوژی و ڕفاندنی هەزاران ئیزیدی و بەدیلگرتنی ژن و منداڵ و ژنفرۆشتنیان لە بازاڕەکانی داعش، دەبینین چۆن ئەو پیاوە ئیزیدیە بەهۆی ئەو هێرشەوە هەموو شتێکی لەدەست دەدات و دەبێتە کەسێکی بێ ماڵ و منداڵ و بێ خێزان و بێ هیچ، بەڵام بەهۆی ئیرادەی پۆڵایینی و ئیمانی بەخودا و بەخۆی و بەژیان دەتوانێت بگەڕێتەوە سەر پێ و ژیانێکی نوێ بۆ خۆی دروست بکات، ئەم کارە شانۆییە بەشداری لە فێستیڤاڵی شانۆی عێراقدا کرد و لە ڕۆژانی داهاتوودا بەشداری لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردیدا دەکات.



یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر چالاکییەکانی خۆی ڕاگرت



وەکو بیستومانە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کوردی بەهۆی نەخۆشی کۆرۆناوە کاروچالاکییەکانی هەڵپەسارد‌ووەو بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوبەستمان زانی ئەم پرسیارە ئاراستەی مەسعود پەرێشان بکەندامی دەستەی کارگێڕی ئەو لقەی نووسەران بکەین و ئەویش لەوەڵامدا گوتی: ئێمە لەهەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی گەلەکەی خۆمان بەشداربین و لەخۆشییەکاندا لەگەڵیان دەکەوینە هەلەکە سەماو لە ناخۆشییەکانیشدا هاوژان و هاوخەمی لەپێشینەیانین، بۆیە ئەمڕۆ کە بەڵای ئەم نەخۆشییە ترسناکە بەرۆکی هەموو دونیای گرتووە، ئێمەش پابەندی ڕێنوێنییەکانی حکومەتی خۆمانین و بۆ ماوەیەکی کاتی هەموو کۆڕو سیمینارەکانمان ڕاگرتووەو هیواخوازیشین بەخێرایی ئەم بەڵایە تێپەڕێت و ئێمەش بەگوڕتر بێینەوە خزمەتی ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی خۆمان کە خوازیارین ماوەکەی کورت بێت.



ئیمارات.. شانۆیی مۆنۆدرامای (کەڵپە) نازناوی (مسک الختام)ی پێ بەخشرا

گروپی شانۆی (هەوار)لە کەرکووک بە نوێنەرایەتی کوردستان و عیراق بەشداری فستیڤاڵی نێو دەوڵەتی (فجیرە)ی کرد کە شەست وڵات تێیدا بەشداربوون لە ئیمارات هەوار بە شانۆگەری (کەڵپە)کە باس لە کچ و ئافرەتە ئێزیدییەکان دەکات کە لەگەڵ سەر هەڵدانی داعش، ئەو کارەساتانەی بەرانبەر تاکی مرۆڤ ئەنجامی دا بە قێزەونترین کار هە ژمار دەکرێ لە جیهان. لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی چەندین شوێن شەنگال یەکێک بوو لەو داگیرکارییە و وێران خاپور بوونە و کۆمەڵ کوژی و بردنی کچ و ئافرەتانی ئێزیدی و دەست درێژی سێکسی و ئەتەککردن فرۆشتنیان لە نێو ئەمیرەکانیان. دەقی شانۆییە باس لە کچە ڕزگار بووییەکی دەستی داعش دەکات کە لەیەک کاتژمێردا نزیکەی(12)دوازدە کەس دەستدرێژییان لەگەڵ کردووە و دووگیان دەبێت پاش ڕزگاربوونی لە دەستی داعش بووە بە دایکی کۆرپەیەک کە ناتوانی وەک دڕندە دەست بەرداری کۆرپەکەی بێ و نەکەس لە ئازارەکانی تێدەگات کە ئەم کچە لە بێ ویستی خۆی بووە بەدایک و ژیانی وێرانە و هەست و سۆزی مردووە.شایەنی باسە لە کۆتا ڕۆژی فستیڤاڵ لە هۆڵی (دەبا) لە شاری فجیرەی ئیمارات نمایشکرا و کۆڕی ڕەخنەیی لەسەر کرا و زۆرترین گفتوگۆی بەخۆیەوە بینی، کە چیرۆکێکی کارەسات بارە، میسر شانۆی(کەڵبەی)بانگێشت کردە وڵاتەکەی .جێی ئامارۆیە کە لەکاتی بەخشینی قەڵغانی ڕێزلێنانیان بە شانۆی (مسک الختام) دەرهێنەر بانکرا. ستافی ئەم مۆنۆدرامایە. سینۆغرافیا و دەرهێنانی (نەژاد نەجم)کە گەنجێکی کوردی کەرکووکیە و نوسینی(عەبدولڕەزاق مەحمەد) و نواندی(لەیلا فارس) و دیکۆر و ڕوناکی(بەرهەم یاسین)و موزیک(ڕزگار حمە ڕەوف).

ئا/خالدار قەرەنی

پرۆژەی (دۆزی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان) چاپکرا



ئەم پرۆژەیە (دۆزی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی رزگاریی نیشتمانی کوردستان) کە شەش کتێبە، هەموی بەیەکەوە چاپ کراوەتەوە و خراوەتە بۆکسێک، وەرگێڕی کتێبەکان کاک ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) شەونخوونی زۆری بەم پرۆژەیە دیوە، پێنج کتێبی لە عەرەبییەوە کردۆتە کوردی، کتێبێکیشی لە فارسییەوە کردۆتە کوردی، کاک ئەبوبەکر سالّی وەرگێڕ بە چەند رستەیەک ئەم شەش کتێبەی ناساندووە:" چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی بەخۆین سووربووی نەتەوەیەک لە پێناوی سەندنەوەی نیشتمانێکی داگیرکراودا، داستانی کوڕانی نیشتمانێک کە سنگی خۆیان کردە قەڵغان و دواجار ناویان بە (پێشمەرگە) چووە نێو مێژووی جیهانەوە، ترائیدیای پاشەکشێ و گەڕانەوەی پاش کۆتایی کۆماری کوردستان بە گێڕانەوەی ئەفسەرێکی ئێرانی، شرۆڤەی سیاسیی دۆزی نەتەوەیەکی دابەشکراو و ڕاپەڕین و شۆڕشی بێ پسانەوە لە پێناوی بوون و نازادیدا". کتێبەکانی ئەم پرۆژەیە بریتین لە:

*** سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان**

کتێبی (سەفەرێک بۆ ناو پیاوە ئازاکان لە کوردستان)، چاپی سێیەمە، نووسینی دانا ئادەم شمیدت، ئەم کتێبە 581 لاپەڕەیە، جەرجیس فەتحوڵڵا کە ئەم کتێبەی بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە لە پێشەکیدا نووسیویەتی:"ڕەنگە ئەم کتێبە دەگمەنترین کتێبێک بێت کە دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی عەرەبی لە کوردستانی عێراق لەبارەی شۆڕشەکەیەوە، دانەردەکەی کە پیاوێکی فەڕەنسیە لە ساڵی 1967دا بلاویکردۆتەوە، ئەمەش لەپاش ماوەیەک کە نووسەر لە نێو جەرگەی شۆڕشدا،ماوەیەک کە لە گرنگترین و ترسناکترین ئەو ماوانە بوو کە شۆڕش بڕیویەتی ئەویش بەدیاریکراوی ماوەی مانگی ئایاری ساڵی 1966 بوو ، کە تێیدا ژیابوو"، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، کتێبەکە لە نۆ بەش پێکهاتووە.

*** بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا**

کتێبی (بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا) چاپی سێیەمە، یۆنان هورمز بە عەرەبی نووسیویەتی، کە 365 لاپەڕەیە، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە بیرەوەریی نووسەرە لە شۆڕشی ئەیلوول، وێڕای ئەوەی جەرجیس فەتحوڵڵا پێشەکیی بۆ نووسیوە، نووسەر خۆیشی پێشەکییەکی بەناوی سەردانی نووسەرەکەیە بۆ کوردستان لە ساڵانی بەرایی شۆڕشی ئەیلوول، کە چەند جارێک بارزانیی نەمری بینیوە و دیداری ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ کردووە، لە شازدە بەش پێکهاتووە.

*** کوردستان یان نەمان**

کتێبی (کوردستان یان نەمان)، چاپی سێیەمە، نووسینی رینیە موریس، کە 326لاپەڕەیە، جەرجیس فەتحوڵڵا کە ئەم کتێبەی بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە لە پێشەکیدا نووسیویەتی:"ڕەنگە ئەم کتێبە دەگمەنترین کتێبێک بێت کە دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی عەرەبی لە کوردستانی عێراق لەبارەی شۆڕشەکەیەوە، دانەردەکەی کە پیاوێکی فەڕەنسیە لە ساڵی 1967دا بلاویکردۆتەوە، ئەمەش لەپاش ماوەیەک کە نووسەر لە نێو جەرگەی شۆڕشدا،ماوەیەک کە لە گرنگترین و ترسناکترین ئەو ماوانە بوو کە شۆڕش بڕیویەتی ئەویش بەدیاریکراوی ماوەی مانگی ئایاری ساڵی 1966 بوو ، کە تێیدا ژیابوو"، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، کتێبەکە لە نۆ بەش پێکهاتووە.

*** بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا**

کتێبی (بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا) چاپی سێیەمە، یۆنان هورمز بە عەرەبی نووسیویەتی، کە 365 لاپەڕەیە، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە بیرەوەریی نووسەرە لە شۆڕشی ئەیلوول، وێڕای ئەوەی جەرجیس فەتحوڵڵا پێشەکیی بۆ نووسیوە، نووسەر خۆیشی پێشەکییەکی بەناوی سەردانی نووسەرەکەیە بۆ کوردستان لە ساڵانی بەرایی شۆڕشی ئەیلوول، کە چەند جارێک بارزانیی نەمری بینیوە و دیداری ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ کردووە، لە شازدە بەش پێکهاتووە.

*** کوردستان یان نەمان**


کتێبی (کوردستان یان نەمان)، چاپی سێیەمە، نووسینی رینیە موریس، کە 326لاپەڕەیە، جەرجیس فەتحوڵڵا کە ئەم کتێبەی بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە لە پێشەکیدا نووسیویەتی:"ڕەنگە ئەم کتێبە دەگمەنترین کتێبێک بێت کە دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی عەرەبی لە کوردستانی عێراق لەبارەی شۆڕشەکەیەوە، دانەردەکەی کە پیاوێکی فەڕەنسیە لە ساڵی 1967دا بلاویکردۆتەوە، ئەمەش لەپاش ماوەیەک کە نووسەر لە نێو جەرگەی شۆڕشدا،ماوەیەک کە لە گرنگترین و ترسناکترین ئەو ماوانە بوو کە شۆڕش بڕیویەتی ئەویش بەدیاریکراوی ماوەی مانگی ئایاری ساڵی 1966 بوو ، کە تێیدا ژیابوو"، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، کتێبەکە لە نۆ بەش پێکهاتووە.


*** بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا**


کتێبی (بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی کوردستاندا) چاپی سێیەمە، یۆنان هورمز بە عەرەبی نووسیویەتی، کە 365 لاپەڕەیە، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە بیرەوەرییەکانم لە شۆڕشی ئەیلوول، وێڕای ئەوەی جەرجیس فەتحوڵڵا پێشەکیی بۆ نووسیوە، نووسەر خۆیشی پێشەکییەکی بەناوی سەردانی نووسەرەکەیە بۆ کوردستان لە ساڵانی بەرایی شۆڕشی ئەیلوول، کە چەند جارێک بارزانیی نەمری بینیوە و دیداری ڕۆژنامەوانیی لەگەڵ کردووە، لە شازدە بەش پێکهاتووە.


*** کوردستان یان نەمان**

کتێبی (کوردستان یان نەمان)، چاپی سێیەمە، نووسینی رینیە موریس، کە 326لاپەڕەیە، جەرجیس فەتحوڵڵا کە ئەم کتێبەی بۆ عەرەبی وەرگێڕاوە لە پێشەکیدا نووسیویەتی:"ڕەنگە ئەم کتێبە دەگمەنترین کتێبێک بێت کە دەخرێتە بەردەستی خوێنەرانی عەرەبی لە کوردستانی عێراق لەبارەی شۆڕشەکەیەوە، دانەردەکەی کە پیاوێکی فەڕەنسیە لە ساڵی 1967دا بلاویکردۆتەوە، ئەمەش لەپاش ماوەیەک کە نووسەر لە نێو جەرگەی شۆڕشدا،ماوەیەک کە لە گرنگترین و ترسناکترین ئەو ماوانە بوو کە شۆڕش بڕیویەتی ئەویش بەدیاریکراوی ماوەی مانگی ئایاری ساڵی 1966 بوو ، کە تێیدا ژیابوو"، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، کتێبەکە لە نۆ بەش پێکهاتووە.









بەرایی نووسیوە، کتێبەکە لە 14 بەش پێکهاتووە، نووسەر لە پێشەکیدا دەڵێ:"ئەم کتێبە چەند مشتێکە لە ژیانی پێشمەرگەیەک کە لە شۆڕشی ئەیلوولدا ژیاوە و بەشداریی تێدا کردووە.

*** کارەساتی (بارزان)ی زۆڵملێکراو 1954**

کتێبی (کارەساتی "بارزان"ی زۆڵملێکراو 1954(چاپی سێیەمە، نووسینی مەعروف جیاووک، 265لاپەڕەیە، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی و لە پێشەکیدا دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێ:"کتێبی کارەساتی (بارزان)ی زۆڵملێکراو، سەرباری باس لە پاشخانی فاکتەر و بنەڕەتی گیروگرفتەکانی کارەساتەکە، چەند لاپەڕەیەکی زیندوو و هەستیار لە مێژوی گەلەکەمان لە لکاندنی بە دەوڵەتی نوێی عێراق و لە خەباتی ڕۆڵەکانی دوێنێی گەلەکەمان لە پێناوی سەلماندنی ناسنامەی کوردبوونماندا دەگێڕێتەوە.

*** بارزانی و پاشەکشێی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحانی دا**

کتێبی (بارزانی و پاشەکشێی بارزانییەکان لە بیرەوەرییەکانی ئیحسانی دا) چاپی سێیەمە، نووسینی عەلی ئەسغەر ئیحسانی، کە 175 لاپەڕەیە، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە فارسییەوە کردوویەتی بەکوردی و لە پێشەکیدا دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێ:"نووسەر لە کتێبەکەیدا بیرەوەری و ژیان و تێکۆشانی خۆی لە 475لاپەڕەدا کردووە، ئێمە تەنیا ئەو بەشانەمان وەرگێڕاوە کە تایبەتن بە بارزانی و پاشەکشێی بارزانییان، کتێبەکە چەند بەڵگەنامەیەکی گرتۆتەخۆ.

*** کێشەی کورد**

کتێبی (کێشەی کورد) نووسینی سیرجی.ج. ئیدموندز، کە 70لاپەڕەیە، چاپی سێیەمە، جەرجیس فەتحوڵڵا کردوویەتی بە عەرەبی، ئەبوبەکر سالح ئیسماعیل (مانی) لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی، ئەم کتێبە وەک لە لاپەڕە سێ دا هاتووە: موحازەرەی مستەر (س. ج. ئیدموندز) لەبارەی کێشەی کورد کە لە ڕۆژی 25/10/ 1966لە لەندەن لە کۆمەڵەی پاشایەتی ئاسیای ناوەڕاست پێشکەش کراوە.



ئیمارات.. شانۆیی مۆنۆدرامای (کەڵپە) نازناوی (مسک الختام)ی پێ بەخشرا

گروپی شانۆی (هەوار)لە کەرکووک بە نوێنەرایەتی کوردستان و عیراق بەشداری فستیڤاڵی نێو دەوڵەتی (فجیرە)ی کرد کە شەست وڵات تێیدا بەشداربوون لە ئیمارات هەوار بە شانۆگەری (کەڵپە)کە باس لە کچ و ئافرەتە ئێزیدییەکان دەکات کە لەگەڵ سەر هەڵدانی داعش، ئەو کارەساتانەی بەرانبەر تاکی مرۆڤ ئەنجامی دا بە قێزەونترین کار هە ژمار دەکرێ لە جیهان. لەگەڵ دەست بەسەراگرتنی چەندین شوێن شەنگال یەکێک بوو لەو داگیرکارییە و وێران خاپور بوونە و کۆمەڵ کوژی و بردنی کچ و ئافرەتانی ئێزیدی و دەست درێژی سێکسی و ئەتەککردن فرۆشتنیان لە نێو ئەمیرەکانیان. دەقی شانۆییە باس لە کچە ڕزگار بووییەکی دەستی داعش دەکات کە لەیەک کاتژمێردا نزیکەی(12)دوازدە کەس دەستدرێژییان لەگەڵ کردووە و دووگیان دەبێت پاش ڕزگاربوونی لە دەستی داعش بووە بە دایکی کۆرپەیەک کە ناتوانی وەک دڕندە دەست بەرداری کۆرپەکەی بێ و نەکەس لە ئازارەکانی تێدەگات کە ئەم کچە لە بێ ویستی خۆی بووە بەدایک و ژیانی وێرانە و هەست و سۆزی مردووە.شایەنی باسە لە کۆتا ڕۆژی فستیڤاڵ لە هۆڵی (دەبا) لە شاری فجیرەی ئیمارات نمایشکرا و کۆڕی ڕەخنەیی لەسەر کرا و زۆرترین گفتوگۆی بەخۆیەوە بینی، کە چیرۆکێکی کارەسات بارە، میسر شانۆی(کەڵبەی)بانگێشت کردە وڵاتەکەی .جێی ئامارۆیە کە لەکاتی بەخشینی قەڵغانی ڕێزلێنانیان بە شانۆی (مسک الختام) دەرهێنەر بانکرا. ستافی ئەم مۆنۆدرامایە. سینۆغرافیا و دەرهێنانی (نەژاد نەجم)کە گەنجێکی کوردی کەرکووکیە و نوسینی(عەبدولڕەزاق مەحمەد) و نواندی(لەیلا فارس) و دیکۆر و ڕوناکی(بەرهەم یاسین)و موزیک(ڕزگار حمە ڕەوف).

ئا/خالدار قەرەنی

هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش) لە ساڵی 2006 شانۆگەری (پاسەوان)ی لەشاری سلێمانی و لەساڵی((2007لەشاری (بەرلین) و لە ساڵی2010 لەنۆ شاری وڵاتی (سوێد) نمایش کردووە و چەندین وتاری بەزمانەکانی (کوردی و عەرەبی وسوێدی) لەبارەیەوە نووسراوە.